کورتە ڕۆمان

#ماڵئاوا گوڵی خەم

د. هیمدادی حوسێن

چاپی دووەم 2004

ناوی کتێب: ماڵئاوا گوڵی خەم
بابەت : کورتە ڕۆمان
نووسەر: د. هیمدادی حوسێن
ساڵی نووسین : ١٩٨٨
چاپی دووەم : ٢٠٠٤
تایپ: (هیوا) بۆ کۆمپیوتەر
هەڵەچن: ئاسۆ حوسێن
چاپ : چاپخانەو ئۆفسێتی (گەنج)
تیراژ : (١٠٠٠) دانە

بەنۆشی جانی وەردەگرم پیاڵەی زەهری هەرنێشێ
بەدەردی دڵ بچم گەربێ لەجەوری تۆ دڵم بێشێ
مەحوی

# یەكو دوو ووشە بۆ چاپی دووەم

كە لەساڵی ١٩٨٨دا ڕۆمانی (ماڵئاوا گوڵی خەم)م نووسیو دواتر لە١٩٨٩دا چاپ كرا، ئەو كات بۆ من دەسپێكو هەنگاوێكی سەرەتایی بوو، بۆ رۆمانی كوردییش ئەو ساڵانە، لەهەشتاكاندا، ئەو ژانرە ئەدەبییە برەوی هەبوو، رۆمان خوێنەری زیرەكو بەپشوو درێژی خۆی هەیە، ئەم ڕۆمانە چیرۆكی عەشقێكی بەئاكام نەگەیشتووی كۆمەڵی كوردەوارییە، كەبەدرێژایی تەمەنمان زۆر لەو بابەتانە دەبیستین، چیرۆكی ئەو شەیداو دێوانانەی كەبەحەزرەتو حەزو ئەڵهایەكەوە حەز دەكەن، منو تۆ و ئەوانی دی گوێیان لێبگرین، لەكۆمەڵێكی رۆژهەڵاتی زۆری وەكو دلێرو نەشمیلو.. دەبنە قوربانی حەزو ئارەزووی دەسەڵات و باوكسالاریو پێنەگەیشتن یەكتر، نەخوێندنەوەو بەهاری جوانی تەمەنیان لێدەكەن بەخەزان، چاوەڕێی رێكەوتێك دەكەن، كە جارێكی تر تەمەن بەیەكەوەیان كۆبكاتەوە. ئەویٚ رۆژیٚ، كەئەو رۆمانە چاپ كرا، گەلیٚ كەس قسەیان لەبارەوە كرد، هەندیٚ بەئافەرینو هەندیٚ بەتوانجو تەشەرەوە، من رێز لەبۆچوونی هەموویان دەگرمو پێمواپە ئەو بابەتانەی قسە زۆر هەڵدەگرن، بەمردوویی لەدایك نەبوون و سەركەوتوویان پێوەیە دیارەو هەموویان ماڵیانئاوا.

دوای چاپ بوونی ئەو ڕۆمانە، زۆر كەس بەنامە یان بەپرسیار لێم دەپرسن، ئەریٚ بەراست ئەم رووداوە راستەقینەیە؟ من هەمووجاریٚ وتوومە

راستەقینەیە بەو واتایەی کە (ئەرستۆ) گوتەنی هونەر کۆپی واقیع نییە، بەڵکو دەشێ لەواقیعدا رووبدات. راستەقینە نا بەو واتایەی من چیرۆکی ژیانی خۆم نووسیبێتەوە، بەڵێ بەشێکی پێوەندی بەحەزو ئەشقو تەمەنی منەوە هەیە، بەڵام بەشی زۆری بیرکردنەوەی ئەو خوێندکارانەیە، کە لەبەشی ناوخۆیی‌و رۆژانەی کۆلیج‌و سەردەمی منالی خۆیان لەگەڕەکە میللییەکاندا بەسەر بردووە، ئەم رووداوانە تێکەڵ بەخەیاڵی فراوانی نووسەر کراوە و ئەم رۆمانەی بەردەستتی لێ دەرچووە.

سوپاسی ئەو برا بەرێزانە دەکەم لەگۆڤاری ( نوالەی نوێ ) کەئەرك‌و ماندووبونی دووبارە چاپ کردنەوەی ئەم رۆمانەیان لەئەستۆ گرت‌و ئەرکێکی شەرشانی منیان سووککرد، کەچەندین خاوەن کتێبخانەو دۆست‌و هاوەڵ داوای چاپکردنەوەیان لێدەکردم، سوپاسی ئەوبرادەرانەیش دەکەم ، کە ئەم رۆمانەیان خستۆتە سەر CD و بەشێوەیەکی جوان تۆماریان کردووە، هەروەها رادیۆکانی هەرێمی کوردستان بەئالقە دەیانخوێندەوە، هەربژیین.

**هیمدادی حوسێن**

٢٠٠٤/٦/٢٥

# مالئاوا گوڵی خەم

هەواڵنامەی کتێب

-١-

تازە بارانە کە لێی کردبۆوە، لەژێر چەتری پاسەکەدا وەستابووم و چاوەڕوانی پاسم دەکرد، مامۆستا کەریم، بەساقۆیەکی ڕەشی ئەستوورو مل پێچو چەترێکەوە خۆی گەیاندە ژێر چەتری پاسەکەو هەر کەچاوی بەمن کەوت یەکسەر بە هەواڵ پرسینەوە یەکترمان ماچ کرد. نەوەکو لەبیری بچێتەوە هەر خۆی یەکسەر ڕووی تێکردمو وتی:

**– دەزانی لەکوێ بووم؟**

**– نەوەڵڵا!**

**– لەماڵی مامۆستا دلێر بووم، نەتزانیوە بەربووە؟!**

**–چی؟!!**

**– مامۆستا دلێر بەربووە!؟**

**– بەڕاستی هەواڵێکی خۆشت پێ ڕاگەیاندم، ئەمڕۆ هیچ، بەلام بەیانی دەبێ بچم بۆ لای.**

بەم هەواڵە گشت شادەمارو دەزوولە خوێنینەکانم لەجیاتی خوێن شادییان پێدا هاتۆچۆی دەکردو هەستم بەحەسانەوەیەکی دەروونی کرد.

(مامۆستا دلێر، هاوەڵێکی خۆشەویستی سەرجەم منالّی‌و مێرد منالّیم بوو، لەگەڕەکێکا گەورەبووین وقۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندیمان بەیەکەوە بڕی، باوك‌و دایکێکی زۆر باشی هەبوو،چەند جارێك شەوان لەمالّی ئەوان دەمامەوەو نەیان دەهێشت بچمەوە، ئەگەرچی هەر سێ چوار مالّمان نێوان بوو، بەڵام چونکە دلێر تاقانە بوو، حەزیان دەکرد هاوەڵێکی هەبێ‌و بەتەنیا عادز نەبێ. . ئەگەرچی زۆر هەژار بوون، لەگەڵ ئەوەشەوە دڵ‌و دەروونێکی گەورەیان هەبوو و قڕوگاڵەیان بەسەر کەسەوە نەبووو خەڵکیان بەسەر دەکردەوە.

مەلا بایزی باوکی بەمەلا بایزی پینەدۆز بەناوبانگ بوو، ئەگەرچی نازناوی مەلای بەسەردا بڕابوو بەڵام وەنەبێ مەلای مزگەوت‌و شتی وابێ، هەر ئەوەبووکابرایەکی بەدین‌و دەرارەت بوو خەڵکی ئەو ناوەیان لێنابوو،ئەگینا دوکانێکی بچکۆلانەی لەبازاڕ هەبوو و خەریکی پینەدۆزی بوو. ئێواران بەرەبەری ڕۆژئاوا لەبەر دەرگا لەگەڵ باوکم‌و دایکم دادەنیشتن‌و قسەی خۆشیان دەکرد" بەتایبەتی قەت لەبیرم ناچێتەوە زۆر جار باوکم بەمەلا بایزی دەوت:

**– کوڕە بایز ئەتو ئەو بێجامەیە یان بستێکی دیکەی تێکەوە یان بستێکی دیکەی لێکەوە.**

مام بایز بێجامەیەکی شەعادەی بەناو سپی لەپێ بوو،بەڵام هەر

بەناو سپی بوو، ئەگینا لەبەر چڵك و كۆنی زەرد ببوو، سەرباری ئەوەش وای هەوەس پێ دەهات بێجامەكەی یان واچاكترە بڵێم دەرپێیەكەی هەر هەتا سەرچۆكی بێ و درێژتر نەبێ . . هەر دوای ڕۆژئاوا بوونیش بەماوەیەكی كەم، زۆر جاری واهەبوو تەواو نانمان لەقورگی ئاوا نەببوو، دەنگی منداڵە ورتكە لەكۆڵان بەرزدەبۆوەو بەیەك دەنگ هاواریان دەكرد:

**هەستن هەستن لەخەوێ**

**وەرنە گەمانی شەوێ**

ئەو ڕۆژگارە، ڕۆژگاری منداڵی چەندە پاك و بێ گەرد بوو، چەندە ڕەنگ و ڕووی گۆڕاوە، شەو تادرەنگ قاوقاوانێ و پشتەڕەقە و چاوشاركێمان دەكرد. ئەوكاتەیش دلێر هەر پووخەو دەڵەو ڕەنگ زەرد بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشەوە لە قوتابخانە هەربەیەكەم دەردەچوو،مامۆستاكان زۆر خۆشیان دەویست. پێش دوازدە ساڵ لەمەوبەر بەتاوانی كوشتنی زەلامێك، وەك خەڵكی دەڵێن، خرایە زیندانەوە،خەڵكی شتی سەیر دەربارەی ئەو گرتنەی دەگێڕنەوە:

هەندێك دەڵێن: شەوێ درەنگ گەڕاوەتەوەو لەرێگا دوو زەلام دەست درێژیان لێكردووەو ئەویش دەستی هەڵێناوەو یەكێكیانی بریندار كردووەو ئەوەی تریشیان ڕایكردووەو هەر ئەو زەلامەی كەئەو برینداری كردووە، پاش ماوەیەك برینەكەی لێی پیس كردووەو مردووە، بەڵام ئەمە ڕەنگە زۆر دوور بێ لەڕاستییەوە،مامۆستا دلێری لەڕو لاواز تۆ بڵێی دەرەقەتی دوو زەلامان هاتبێ و یەكێكیان هەڵاتبێ و ئەوەی دیكەیشیانی بریندار كردبێ، باوەڕ ناكەم، بۆچی چیبووە ؟

هەندێك دەڵێن: کچە قوتابیەکی خۆی خۆش ویستووە، ڕۆژێکیان کە لەماڵی کچەکە بووەو دەرسی تایبەتی پێ وتووە، دووکەسی نەناس باوکی کچەیان کوشتووە، دادگا کوشتنەکەی خستۆتە ئەستۆی ئەو و بەبێ تاوانی‌یەو ئەو ماوەیەگیراوە، لە هەندێکی دیکەشم بیستووە: هیچ لەمانە نی‌یە و بەڵکو مەسەلە نامووسە لەسەر مەسەلەی ژنانە. . ئیتر نازانم شتی زۆر دەوترێت، بەڵام ئەمانە هەمووی قسەی خەڵکە،هەریەکەو بە نزمەکیش، تا خۆم نەچم بۆ لای وبۆم باس نەکا، باوەڕ بە قسەی کەس ناکەم. . ).

ئاسمان یەك پارچە هەوری ڕەش بوو، ئەگەر چی بارانەکە لێی کردبۆوە،بەڵام دڵۆپە هەر دەیپرژاند، کزەبایەکی ساردیشی دەهات، هاتوچۆ کەران کەم بەرچاو دەکەوتن، هەرقەمەرەو ئۆتۆمۆبێلی خواپێداوەکان نەبێ جامەکانیان داخرابوو و بەتیژی بەجادەکەدا ڕەتدەبوون، ئەگەر جارجار کەسێکیشت ببینایە ئەوە خۆی گرمۆڵەکردبۆوەو دەستەکانی خستبووە ناوبەرکەکانیەوەو بەتالووکە دەڕۆیشت. لەو کاتەدا پاسەکە دەرکەوتو لەگەڵ مامۆستا کەریم سەرکەوتین. . .

-٢-

ڕۆژی دواتـر پـێش ڕۆژئـاوا چـوومە مـاڵی دلێـرە فەنـدی، نزیکـەی دوازدە ساڵ دەبوو ئێمە ماڵمان لەوێ بـاری کردبـوو و لـە دراوسـێیەتی ماڵی مامۆستا دلێر نەمابووین. چوومەوە بـۆ ئەوگـەڕەكو کۆڵانـەی تیـا لەدایك ببووم ومناڵیم تیا بەسەر بردبوو، ڕۆژێکی ناخۆش بوو، بارانێکی سەربەقەپووچکە دەباری، ماڵی دلێرەفەندی چ بوو، خانوویەکی قـوڕی خـراپ، لـەکۆڵانێکی پیس،یـەك دووجـار خـەریك بـوو لەسـەر ئـەو قوڕوچلپاوە هەڵبخلیسکێم هەتا گەیشتمە بەردەرگا، کەلەحەوشەکەیش چـوومە ژوورەوە، لەبـەر بـاران کـەس نـەبوو، کـەدەرگای ژوورەوەم کردەوە دلێرە فەندی هەڵسـایەوەو بەگەرمیـیەوە لـە باوەشـی گـرتمو یەکدیمان ماچ کرد، پیرێژنێك کـە هـەر هێنـدەی چـنگێکی لـێ مـابۆوە، لەقوژبنێکی ژوورەکە تەسبیحێکی درێژی لەدەستەوە گرتبـووو خـۆی گرمۆڵە کردبۆوەو جاجمێکی بەسـەر شـانی خـۆی دادابـوو ولەسـەرمان هەڵدەلەرزی، ئەگەرچی زۆر پیر ببوو وەلـێ بیری مندالی تیـژە یەکسـەر

ناسیمەوە، پلکە ئامینەی دایکی بوو و لێی چوومە پێشەوەو خۆم نووشتاندەوە وپێم وت:

**– پلکە ئامینە چۆنی؟!**

بەدەنگێکی لەرزۆکەوە وتی:

**– باشم بابەکەم. .**

دەستی زەمانەو خەفەتی ڕۆژگار چۆن ئەو ئافرەتە دڵپاکەی پیر کردووە، پێش دەساڵ لەمەوبەر چەند ڕوو خۆش و قۆشمەچی بوو، لەگەڵ مەلا بایزی باوکی دلێر شتی واخۆشیان دەگێرایەوە، قرەوگاڵەیشیان هەر سەیر وعەنتیکە بوو، جارەکی لەوێ دانیشتبووم، مەلا بایز، دەیووتە پلکە ئامینە:

**– ئێ باشە من هاتبوومە دووت، ژن نەما بوو، ئەتۆ نەبیت؟**

بەڵام ئەوەندە بەپاکیەوە دەیووت هەستت بەدەروون پاکیەکەی دەکرد. پوورە ئامینەیش وەڵامی دەدایەوە:

**– ئێ پیاوەکە دەیەکێکی ترت بێنابووایە. مکینە ناگۆترێ هێندەت پارە بەمن دابێ.**

**– وەڵڵا بابم بەڕەحمەت بێ، چواردە مەڕی بۆ فرۆشتی هەنووکە ئەوزەمانە بووایە باوەشە دینارەکی دەکرد.**

خۆیشی لەڕاستیدا مەلا بایز پێی عەیب بوو، بەڵان پوورە ئامینە هەر لەبۆ خۆشی لەبۆ دایکمی دەگێڕایەوەو دەیووت:

((– ماڵی بایزی داروسێمان بوون، بایز شوان بوو، ئەو وەختی سی ساڵ هەر بەغار دەبوو، قەیرە کیژەکی دی هەبوو، تەواوەك لەئێمە دوور بوو ماڵیان لەوسەری گوندی بوو و ناوی (مامز) بوو، ئەو جامامز،

نەبکــەی نــەبخۆی هــەر دایبنــێ تەماشــای چــاوی ڕەش‌و گــوێی بەگوارەی بکەی، بـایز دڵـی مـامزی دەحوبانـد، مـن هـەینێ هـەر دوازە سێزدە ساڵان دەبووم، هـەمووجارێ بـایز منـی دەنـارد بچـم بـەمامزی بڵێم بێتە کادینەکەی ماڵی خۆیان، ئەرێ بەخوای وادەزانم هەوکە بوو،، ئای پیرە دنیایێ، وەڵڵا دوایێ ڕۆژەکێ ئەو سەیدە نـازدارەی دەبینـی هـەموو جـارێ دێ سـەردانمان دەکـات، لەسـەر دەسـتی وی منیـان دا بایزی، بابم گەلە گۆتی جـارێ منداڵـە، بەکـەڵك نـەهات، حـەفت شـەوو حەفت ڕۆژان دەهۆڵ و زوڕنا لـێ درا، دایکـی ئـەو بـایزەی هـەروەهای کردێ لەباوەشێی کردم ومنـی لەسـەر هەسـپی هێنـا خـوارێ‌و گـوتی: ئەی بابە لەبەر کیژە عازەب‌و بوو کەجوانێ من)).

مامۆستا دلێر بەدایکی وت:

**– دایە ئەوە کاك (فەرهاد)ی کوڕی پلکە مێرەمێیە.**

دوای ساتێك:

**– کوڕە وەرە ماچێکم بدێ، وەرە. .**

دلێــر ئــەو دە ســاڵەی بەندیخانــە ڕەنــگ و ڕووی گــۆڕی بــوو و چــوەکانی قــووڵ ببــوون، قژیشــی بــۆز ببــوو، بــەقۆڵ‌و باســکە لاوازەکەیەوە زۆباکەی ڕاکێشـایە بـەردەمو دەسـتمان بـە قسـە کـردو پاشان لێم پرسی:

**– دەزانی تائێستاکەیش بەتەواوی نازانم لەسەر چـی گـیرا بـووی، نازانم خەڵکی شتی زۆریان بۆ هەڵبەستاوی؟!**

چــاوەکانی تــۆزێ زەق کــردەوەو برۆکــانی بــۆ ســەرەوەو زەردەخەنەیەکی تـاڵ بەسـەر لێـوو کۆڵمیـەوە دەرکـەوت، ددانـە نیـوە

ڕەش بووەکـــانی بەجگـــەرە دەرکەوت،ئـــەو زەردەخەیـــە زۆر مانـــای دەبەخشی، ڕەنگە گاڵتەی لەپرسیارەکەم هاتبێ، یان هەر شـتێکی دی لەو بابەتە، بەڵام من زوو تێهەڵچوومەوەو پێم وت:

**– نا ئاخر تۆ گاڵتەت لـێ نەیـەت، مەسـەلە ئەوەنیـە هیچی لـێ نەزانم، دەزانم زەلامێکت کوشتووە وەکو خەڵکی دەڵـێن، لەوکاتـەدا پێکەنیم و وتم، ئۆبـال بـەملی خـەڵکی ،بـەڵام حـەزم کـرد بـۆ ڕاستی قسەکە لەخۆت بپرسم وچۆن و لەسەرچی؟! ئەمجارە زەردەخەنەکەی گۆڕا بەپێکەنین و دەستێکی لەسەر شانم داناو وتی:**

– ((لەبێ خەبەران کەشکەك سەڵەوات))، لەبیرتـە دوازدە سـاڵ بـەر لەئـەمڕۆ، ئێوارەکیـان بەپیاسـە دەهاتینـەوە بـۆ ماڵـەوەو ئـەو کاتـە دراوســێ بــووین، بەوکەنــدەی (ســەیداوە)یدا دەچــوینەوەودۆمەکان لەوبەری بوون،تۆ پێت وتم:

((– ئەگـەر بـۆم بکـرێ ڕۆژێـك دەربـارەی ئـەو دۆمانـە شـتێك دەنووسم، من گاڵتەم پێهات و پێم وتی:

((– جا بۆ دەربارەی سێتاقان نانووسی ؟)) نازانم لەماوەی ئەو دە ساڵەی من گیرا بووم چیت نووسی یان نا؟ بەڵام تـۆ وەرە بەسـەرهاتی مـن بنووسـەوە،رەنگە بەنووسـینەوەی تاڕاددەیـەك غـەمو خەفـەتی دەروونـی منـیش کەمبکەیتـەوە،باوەڕ بکـە ئەگـەر مـن وەك تـۆ ئـەو بەهرەیەم هەبووایەو ئەوتوانایەم هەبووایە یان شـاعیر بوومایـە، ئێسـتا هـەموو دنیـام دەکـرد بەشـیعرو بەشـی هەشـت نـۆ دیـوانم پـێ بـوو. .

یەکسەر قسەکەیم پێ بڕیو بە زەردەخەنەیەك وتم:

**–چـی؟! جاهـەر ئـەوەمان مـابوو .. داسـتانی پیـاو کوژێـك**

**بنووسمەوە ! !.**

ددانەکانی خستنە سەریەكو لەسەرخۆ بەسەرلەقاندنەوەو دەنگێکی نەوی وتی:

**– وانییە.. وانییە.**

**– باشە بەهەرحالّ" گالّتە دەکەم، حەز دەکەم بەدرێژی بۆم باسبکەیت گەر بۆ نووسینەوەیش نەبێ خۆم حەز دەکەم بیزانم.**

لەوکاتە سەیرێکی کاتژمێرەکەم کرد سەعات (٦)ی ئێوارە بوو، دنیا تەواو تاریك داهاتبوو، لەبەر ئەوەی ئاسمانیش هەور بوو، بەپەلە هەلّسامو وتم:

**– ئەوە زۆر دەرنگیشە، من ئاگام لێ برِا.**

– زۆر داوایان کرد ئەوشەوە بمێنمەوە، بەلاّم من داوای لێ بووردنم کردوبەمامۆستا دلێرم وت:

**– پێنجشەممەی داهاتوو دێمەوە و شەویش دەمێنمەوە بە سەر هاتەکەیشم بۆ بگێرِەوە، بەلاّم ئەمشەو مالّەوە نازانن هاتوومەتە ئێرە نەوەکو تەنگاو بن، هەرلەوێ خواحافیزم لێکردنو گەرِامەوە.**

-٣-

هەواڵنامەی کتێب

پێنج شەممەی داهاتوو، سەعات چوار چوومەوە بۆ ماڵی مامۆستا دلێر، لە دەرگام دا، ئەو وەك بڵێی پێش ئەوەی من بچم پێشبینی ئەوەی کرد بوو من لەوکاتەدا دەردەکەوم، یەکسەر بەپەلە هات دەرگاکەی کردەوەو بەفەرموو فەرموو بەرەو ژوور بووینەوەو دوای هەواڵپرسین لەگەڵ پلکە ئامینەی دایکی، کە هەردووچاوی کوێر ببوون، لەگەڵ مامۆستا دلێرچووینە ژوورەکەی تریانەوە، لەناوەڕاستی ژوورەکە بتلێك وێسکی دانابوو و دووقاپ هەنار وسێ چوار پرتەقاڵ وپاکەتێکی بەغدا،لەسەر لایەکی دیواری ژوورەکەیش وێنەیەکی باوکی لەجام گرتبوو ولەژێریەوە نووسرابوو **(خوا لێ خۆشبوو مەلا پایز مەلا سمایل)**، لەدوو لای دیوارەکانی دییەوە دوو دەلاقەی بچووك هەبوون،یەکێکیان حەفت هەشت کتێبی پەڕپووت وتۆز لێ نیشتووی تیابوو،دەلاقەکەی دیان باولێکی گچکەی تێدا بوو. بنمچی ژوورەکەش بەکاریتەی زل و ڕزیو و شەقرەو حەسیری ڕەش

داگەڕاو داپۆشرابوو، لەنەعبەینی شەقرەکانیشدا جاڵجاڵۆکە تەونی لێکردبوو، دەتووت ئەشکەتی عەڕڕایە، پەنجەرەی ژوورەکەیش کەلەسەر شێوەی میحرابی مزگەوت بوو بەنایلۆن داپۆشرابوو، نایلۆنەکەهەر بەناو سپی بوو،وابەتۆزو خۆڵ تەنرا بوو ڕەنگەکەی لەسپیەوە ببو بە زەردو ڕەنگی مردووی لێ نیشت بوو، دوو لبادی درێژی گوڵ زەردو سوور لەژوورەکە ڕاخرا بوو، دانیشتین. بەخێرهاتنی لێ کردم، دەستێکی بۆ پاکەتەکەی بردو جگەرەیەکی پێشکەش کردمو یەکێکیشی دووسێ جار قونکی جگەرەکەی بەنووکی پەنجەی گەورەی دەستەچەپییەوە داداو خستیە نێوان هەر دوو لێویەوە، منیش دەستم لەبەرکم ڕاکردو شقارتەکەم دەرهێناو دەنکێ شقارتەم داگیرساند بەبەرزکردنەوەی دەست سوپاسی کردم، ئینجا پالێکی بەبالیفەکەی پشتیەوە داو وتی:

– **یاخوا بەخێربێی. . .**

– **سوپاست دەکەم. . .**

ماوەیەك باسی ساردو سەرمای زستانمان کردو باری قوتابخانەو باری سیاسی وڵات و تەنانەت کێشەی هاتوچۆکردنو زۆرشتی دی. . سەیرێکی سەعاتەکەی کردو ووتی:–

**–سەعات واخەریکە دەبێ بەپێنج وابزانم دەست بە خواردنەوەکەمان بکەین. . .**

ئەمەی وتو دەستی بۆ بوتڵە وێسکی یەکەی بەردەمی برد، بەڵام من یەکسەر هاتمە قسە ووتم:

– **سوپاست دەکەم من ناخۆمەوە. .**

بەسەر سوڕمانەوە سەیرێکی کردم و تی:



هەواڵنامەی کتێب

**–چی؟! ئەوە بەراستتە یان گاڵتە دەکەی؟!. .**

**– نەوەڵڵا، بەڕاستمە.**

شانێکی بەرز کرەوەو وتی:

**– دەمن ئەم ئێوارەیە لەبەرخاتری تۆ وێسکیم کڕی،ئەگینا من خۆم هەر عەرەق دەخۆمەوە، بەڵام پێم سەیرە تۆ چۆن ناخۆیتەوە؟! هەر بەم بۆنەیەشەوە تۆ نووسەریشیو نووسەرەکان هەموویان دەخۆنەوە..**

– نا وانیە، هەموویان وانین،دوایش بەپێچەوانەوە من سەیرم لێهات، کەهاتمە ژوورەوە ئەم بوتڵ ومەزەوئەم شتانەم بینی،جاران تۆ نەتدەخواردەوە،ئێ بەڕەحمەت بێ باوکیشت هەر مەلا بوو.

بەزەردەخەنەیەکەوەو سەر لەقاندنێکەوە، کەدیاربوو مەلی بیری بۆ رابردوویەکی دوور هەڵدەفڕی : وتی:

**– ڕاست دەکەی، جاران نەمدەخواردەوە، بەڵام ئەو بەغدایە چی فێری پیاو ناکات! ئەم خواردنەوەیەشت بۆ باس دەکەم.**

ئەگەرچی من ئەوەندە حەزم لەگێڕانەوەی ئەو بابەتەنەبوو بەقەد ئەوەی حەزم دەکرد بزانم تاوانەکەی چۆن بووەو چۆن تووش بووە، لەگەڵ ئەوەشەوە دڵم نەشکاند و وتم:

**– بەڵێ:**

لەسەر لبادەکە زیاتر جێگەکەی خۆش کردو بالیفەکەی خستە بەرپشتیەوەو لاقی ڕاکێشاو هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و چاوی بڕیە کاریتەو شەقرە ڕزیوەکان وتی:

((– ئەم عەرەق خواردنەوەیەم پێوەندی بەیەکەم و دووا خۆشەویستیمەوە هەیە. . هەر کەلەکۆلیجی ئەدەبیات– بەشی

دەروونناسی)) وەرگیرام، لەشارێکی گەورەی وەك بەغدا، کە تا ئەو کاتە نەمدی بوو، جا کوێم دی بوو، لەماڵەوە بۆ قوتابخانەو لەوێوەوە بۆ ماڵەوەو دوایی بۆ بازاڕ، من تائەو کاتە هەر شەڕواڵم لەپێ دەکرد، کەلە کۆلیج وەرگیرام خەمی هیچم نەبوو، خەمی ئەوەم بوو، من چۆن پانتۆڵ لەپێ بکەمو چۆن لەڕووم دێ بە کۆڵاندا بێمەوە ماڵ، هەروایش بوو، ناهەقم نەبوو، یەکەم سەفەر کەگەڕامەوە، گوێم لێ بوو لەدواوە پەلاریان لێدەدام و دەیانووت:

**– دلێری مەلای بوویتە شارستان..**

**– وەڵڵا بابە بوویتە ئەفەندیەك ،کەس نایناستەوە.**

**– بابی خۆی نەدیتیە.**

بەڵێ بەغدا، منی خستە دنیایەکی ترەوە، ئەو شارەی منی فێری زۆر شت کرد، ئەوشارەی کە من تیایدا هەستم بە خۆشەویستی کرد، هەستم بەغوربەت کرد، نازانم ئیتر ڕەنگە تابمێنم قەرزار باری بم.

لەوکاتە پێکێکی دروست کردو وتی:

**– بەسەلامەتیت.**

**– نۆش. .**

جگەرەیەکی تریشی داگیرساندو وپاڵ کەوتەوە:

((– بەڵێ ، منێکی ئەوکاتەی بیست ساڵان و ئارەزووخەفەکراو، زۆر شەرمن بووم، بەڵام لەماوەیەکی کەم بەهۆی ئەوسێ قوتابیەی لەژووری بەشی ناوخۆیی لەگەڵما بوون، تارادەیەك شەرمم شکابوو و لەگەڵ ئەوان بەناو بەغدا دا دەسووڕاینەوە، بەڵام ئەوکەسەی بەتەواوی شەرمی شکاندمو ئەو کەسەی فێری خۆشەویستیو یەکەم ماچی کردم، ئەو کەسەی کۆڕنیش وباخچەی زەوراو ئەبو نەواس و زۆر

جێی  دی پێ نیشان دام،  (**نەشمیل**) بوو. نەشمیل کچێکی خەڵقی لای سلێمانی بوو، باڵا  بەرزو چاو کاڵ و قژ ڕەش، لەپۆلی یەکەم لەگەڵ خۆمان بوو،چۆن (نەشیمل)م ناسی؟

نازانم  بۆچیو لەبەرچی بوو، زۆربەی کات نەشمیل لەسووچێکەوە دەوەستاو دالغەی لێدەدا، زۆربەی کوڕانی پۆلەکەمان بەدەست جوانییەکەیەوە  دەیاننالاندو  گرفتاری عەشقی  ئەوبوونو مەراییان بۆ دەکردو دەوروخولیاندەدا، خواخوایان بوو نەشمیل ئیشێکی پێیان بکەوی یان پرسیارێکیان لێ بکاتو بە ڕووخۆشی و زەردەخەنەوە بەیانی باشێکی گەرمو گوڕیان لەگەڵ بکات. ئەگەرچی بەجلو بەرگ زۆر وانەبوو وپێوە دیار نەبوو، کەکچی کابرایەکی دەوڵەمەندەو هەر ڕۆژەی بە جۆرێك خۆی نەدەگۆڕی و زۆربەی کات هەر چاکێتەنیلییەکەو تەنوورەیەکی ڕەساسی هێڵداری  لەبەردەکردو قردێلەیەکی ڕەنگ سووری لەدواوە لەقژی  دەداو جانتایەك نەزۆر گەورە و نەزۆر گچکەی زەنگیانەداری بەدەستەوە بوو یان بەملییەوە دەکرد، بەڵام یەکێ لەبرادەرانی سلێمانی بۆی باس کردبووین، کە کچی کابرایەکی دەوڵەمەندی سلێمانییە. بێگومان من بشمزانیایەو نەشمزانیایە هیچی لەمەسەلەکە نەدەگۆڕی، چونکە هەرگیز  بەچاوی خۆشەویستییەوە سەیرم نەدەکرد، ئەمە سەرباری ئەوەی کەدەمەی کوڕەکان وامەرایی بۆ دەکەن، نەك هەر کوڕەکان بەڵکو ڕقم لەویش دەبووەوەو ئەوەندە خۆم تێ نەدەگەیاندو مەگەر ڕووبەڕووی ببامایەوە ئینجا بەیانی باش یان ئێوارەباشم لێ بکردایە و زۆربەی کاتیش هەوڵم دەدا تووشی  ڕێکەوتی وانەبم. دوای ماوەیەك خۆمان

ئامادە کرد بۆ تاقیکردنەوەی یەکەم ،هەر لەدوای تاقیکردنەوەی یەکەم زۆربەی قوتابیەکان زیرەکی منیان بۆ دەرکەوت، بەتایبەتی لەتاقیکردنەوەکەدا من بەپلەی یەکەم دەرچوو بووم و مامۆستاکانی ژوورەوەش ستایشێکی چاکیان کردم، بەرەبەرە مامۆستاکان خۆشیان دەویستم، زۆر خۆم ماندوو دەکردو دەشبوایە خۆم ماندوو بکەم، ئەی چۆن؟ من لەشارێکی ترەوە بەوهەژاری‌یەوە هاتبوومو دەمخوێند و باوکم بەپینەدۆزی‌یەوە پارەی خڕ دەکردەوە وبۆی دەناردم وهەموو هیواو ئاواتێکیان من بوو. تاکە کەسێك لەموحازەرە کە بەبەردەوامی لەگەڵ مامۆستاکان گفتوگۆی بوو من بووم، رەنگە ئەمە هۆیەك بووبێ بۆئەوەی سەرنجی زۆربەی کچانی پۆلەکەمان بۆ لای خۆم رابکێشم، هەرچەندە ناشکرێ هەموویان، چونکە هی وایان تیا بوو زیرەکیو میرەکی بەلایەوە گرنگ نەبووو هەموو ئاواتێکی ئەوەبوو چۆن سەرنجی کوڕێکی دەوڵەمەند بۆ لای خۆی رابکێشێ یان هەرشتێکی تری لەو بابەتە. هەروەها سەرباری زیرەکیەکەشم حەز دەکەم ئەوەشت پێ بڵێم، نەفسیەتی من وابوو، زۆر ڕووم نەدەدا کچەکانو لەگەڵیان نەدەوەستام، نەك لەبەر شتێك،لەبەر فیزو خۆ بەزل زانینو غیرەو شتی وا، هەرگیز ،بەڵکو تەنها لەبەر ئەوەی زۆر شەرمم دەکرد، زمانم تەتەڵەی دەکردو حەزم نەدەکرد هەڵەیەك بکەم تەریق ببمەوە، نەك هەرلەگەڵ کچانی زانکۆکەمان هەتا کە بەسەفەریش دەهاتمەوە هەولێرێ کچانی کۆلان و دراوسێکانمان پێیان دەوتم (بەخێر بێیتەوە)، سەیرم نەدەکردنو سەرم هەڵنەدەبڕیو سوپاسم دەکردن، ئەمانەی بۆم باس کردی ئەمە واناگەیەنێ کە من

لەقوتابیەکانی پۆلەکەمان دووره پەرێز بووم، نەخێر، بەشێوەیەکی گشتی سڵاوم لە هەموویان دەکردو سوحبەتو گاڵتەیشمان هەبوو، رۆژێکیان لەژوورەوە مامۆستایەکمان وتی:

**– بۆ هەفتەی داهاتوو هەردووقوتابیو راپۆرتێك دەربارەی (ماسۆشیزمو سادیزم لای فرۆید) بنووسن.**

دوای تەواو بوونی موحازەرەکە (نەشمیل) بەرەو ڕووم هات، بەگرژیەوە و وتی:

– كاك دلێر ماوەت هەیە پیاسەیەك بكەین

–فەرموو.

لەباخچەکە پیاسەکمان کرد، وتی:

**– كاك دلێر حەز دەکەم ئەوەت پێ بڵێم، لەنێو قوتابیەکانی پۆلەکەماندا رەوشتی تۆم بەدڵەو دەزانم زیرەکیشی لەبەر ئەوە پێم خۆشە ئەگەر بەهاوڕێیەکی خۆتم بزانیو ئەو راپۆرتەیش بەیەکەوە بنووسین.**

– قەیدی چییە.

**–من زۆر شارەزای ئەو کتێبانەیش نیم کەلەو بابەتە نووسراون،رەنگە تۆ زیاتر شارەزا بیت، بۆیە حەزدەکەم بەیەکەوە بچین بۆ کتێبخانەو لەجێگایەك دابنیشین.**

ئەو راپۆرتە وای کرد چەندرۆژێك زۆر بەیەکەوە بین، کەشتێکم بۆ باس دەکرد،زۆر سەیرم نەدەکرد، ئەویش جار جار خیزی قووڕگی قووت دەدایەوەو زۆر بەهێمنیو ناسکیەوە دەیووت:

**– بەڵێ.**

جاری واش هەبوو، زەردەخەنەکەتەواو بەڕوویەوە دەردەکەوت دەیووت:

**– تۆ سەیری من بکە، سەیری کوێ دەکەی!**

کەسەرم هەڵدەبڕی، چاوی دەبڕیە ناو چاوم و ئەو ترووسکەو پرشنگانەی ناو چاوی هەموویان نیشانەی پرسیاریان بەڕوومەوە دەنەخشاند، زوو زوو لێوم وشك دەبوو و بەزمان تەڕم دەکردنەوە، هەرلەیەکەم دانیشتنمانەوە چاوە ئەفسووناوی یەکانی زۆر نهێنی گەورەیان تیا حەشار درابوو و هەستم کرد ڕۆحم بەرگەی نیگای ئەوناگرێ.

جا لەبیرم چوو، یەکەمجار کەپیاسەمان کرد، پیاسە کردنەکەمان نزیکەی دووسەعاتی خایاند، داوای لێکردم کورتەیەکی ژیانی خۆمی بۆ باس بکەم، بۆم باس کرد، ئینجا بێ ئەوەی من داوای لێ بکەم ئەویش کورتەیەکی ژیانی خۆی بۆ باس کردم، بەڵام زۆر بەکورتی هەر ئەوەندە وتی:

**((– من کچی نۆبەرەیماڵەوەمو تاقانەم، باوکم قۆنتەراتچیەیە))**

دوای ئەوە پرسیاری زۆر شتی لێکردم، لەوپرسیارانەی کە من یەکەمجار بوو ڕووبەڕوویان دەبوومەوە،وەك کچی زۆر لە دەوڵەمەندەکانی دی پرسیاری ئەوەی لێ دەکردم:

**((– چ رەنگێکت لاجوانە؟ چ گۆرانیەکت پێ خۆشە؟ چ بۆنێکت پێ خۆشە؟..))**

وەڵامی هەریەك لەو پرسیارانەم بەو پەڕی زۆر لەخۆ کردنو درۆ دەلەسەوە دەدایەوە، نازانم بۆ زۆر لەوپرسیارانەی ئەوکاتەی چیم

وەڵام داوەتەوە، تەنیا بۆ ڕەنگەکە بیرمە،هەر لەخۆمەوە وتم : شینی ئاسمانی جوانە.

بۆ بەیانی کەئاهەنگی یەکتر ناسین بوو، تەنوورە و کراسێکی شینی ئاسمانی لەبەر کرد بووو کەهات بۆلام بە بزەیەکەوەو بەدەنگێکی ناسك وتی: (**– چۆنی؟**) وەکو بڵی زەردەخەنەکەی بۆ ئەوەبێ بڵێ ئەمە ئەوڕەنگەم کردۆتە بەر کەتۆ بەلاتەوەجوانە، بەڵام بێ خەبەر لەوەی کەمن درۆم لەگەڵ کرد، یان راستر، هەرلەخۆمەوە ئەورەنگەم هەڵبژاردووە، پرسیارەکانی هەمووی بۆ من دڵ گوشرانی تێدابوو، ئاخر من بۆنی چیم لاخۆش بێ، تاپۆلی شەشەمی ئامادەییم تەواکرد لەدوو ژووری نیمچە تاریك وکاریتە وشەقرە وەکو ئێستا لەبەر چاوتە مەگەر هەربۆن ساردی ژوورەکان بەلەشمەوە نووسابێ‌و لووتی پڕ کردبم، یان گوڵی چی؟! بۆچی ئێمە باخچەمان هەبووە تاجۆرەها گوڵی تیابێ، جوانترینیان دەست نیشان بکەم. ئای زەمانە!! منداڵیشم هەرئاخ‌و حەسرەتە وەکو خۆیشت ئاگاداریت ئەوکاتە دراوسێ بووین باوکم پینەدۆز بوو، هەر لەدووکانەکەی باوکم منیش پێڵاوم بۆیاخ دەکرد،دانێك دەچوومە قوتابخانە، دانێك بۆیاخچیەتیم دەکرد، دەست‌و نەعلەم شەڕ بوو، لەو کۆڵان‌و چایخانەو دوکان بۆ ئەمیان ولەبەردەم خەڵکی دەنووشتامەوە دەمووت.

**(– بۆیاغ ناکەی؟)**

جا کە یەکێك خۆی لێ تووڕە بکردمایە یان بیوتایەنا، ئەمجارە لێم دووبارە دەکردەوەودەمووت:

**( – ئەگەر بریقەی نەدایەوە،پارە مەدە).**

جـا کەسـانی واهـەبوون، خۆیـان میزاجیـان تـەواو نـەبوو، تێیـان رادەخورپیم:

**(- کوڕە دەهێوەڕوو).**

دووسێ جنێوی تەڕیشیان پێ دەدام. ئەگەر یەکێکیش پێڵاوەکانی لـەپێ دابکەندبایـە، بـۆ سـاتە وەختـێ شـادیەك دەپڕژایـە شادەمارەکانمەوە پێڵاوەکانم هەڵدەگرتو بەراکردن بۆ دوکانی باوکم دەچوومەوە.

کەگەیشتمە چواری ئامادەییش، باخۆش ببووم و وەك ژنان دەڵێن (سمێڵم گووگرە ببوو)، ڕۆژی هەینیان قوتابخانە نەبوو، قوتابیـەکانی تر ئیسراحەتیان دەکرد یان ئەو رۆژە دەچوونە دەرەوە یان هـەر هـیچ نەبووایە ئەورۆژە دەرزەکانیان دەور دەکردەوە، من دەبوایە ئـەو رۆژە بەیانی زوو لەگەڵ مەلا بانگدان ڕێگای مەیدانی کرێکاران بگرمە بـەر بەڵکو ئـەو رۆژە وەستایەك لەگەڵ خۆی بمباوکارم دەست بکەوێ. خانمیش لە ڕەنگ وبۆنو گوڵی جوان دەپرسێ!!ڕاستە دەڵێن (زگی تێر ئاگای لەزگی برسی نیە).

لەوکاتەدا تازە دنیا تاریك داهاتبوو، لە پەنجەرەکەوە برووسکەیەك دەرکەوت، یەکسەر بەدوایەوە هەورە تریشقەیەك گرمەی هاتو تاو بارانێك بەخۆڕ دایگرت.مامۆستا دلێر لەگەڵ هـەورە تریشقەکە لەقسەکردن وەستاو لەپەنجەرەکەوە سەیرێکی دەرەوەمان کردو بەبزەیەکی تاڵەوە وتی:

**(- سروشتیش لەگەڵمان بەقینە.)**

دوای ئەوە گوتی:

**(– درەنگە باهەڵسم شتێکت بۆ ئامادە بکەم)**

**– واز بێنە دانیشە. هیچ ناخۆم.**

**– لەبەر خۆیشم هەر دەبێ شتێك ئامادەبکەم.**

ئەمەی وتو هەڵسا ڕۆیشتە دەرەوە، دەرگاکەی کردەوە، لەبەر دەرگا وتی:

**–دەڵێی چی شلە ساوارێك لێ بنێم، ڕۆژی شلە ساوارە؟**

**– زۆرچاکە.**

ئینجا ڕۆیشتە دەرەوە. . بەینەکی پێچوو، گەڕایەوە وتی:

**– واخستمە سەر ئاگرەکە، تۆزێکی دی دەگاتێ.**

**– باشە.**

ئەمجارە لەسەر لبادەکە چوار چمکی دانیشتو دەستی بۆ بوتڵە وێسکییەکە بردو پێکێکی دیکەی کردو وتی:

**–ئێ گەیشتینە کوێ؟**

**– گەیشتینە ئەوەی، ئەو کچەی لەکۆلیژ ناسیت داوای بۆن و ڕەنگی جوانی لێ دەکردی.**

(– بەڵێ" هەر لەیەکەم ناسینمەوە زانیم تەرازووەکەمان لاسەنگەو زیاتر لەبەڕی خۆم پێم راکێشاوە، منی کوڕی مەلا بایزی پینەدۆزو کچی قۆنتەراتچی یەکی گەورە لەکوێ؟! بەڵام سۆزو جۆشو خرۆشانم وابالّی بەسەرمدا کێشابوو،ئەقڵم هەر بەلاوە نابوو، یان ڕەنگە وابیرم بۆی چووبێو وتبێتم قەیدی چییە، خۆ جاری وا بووە کچە لەپێناو خۆشەویستییەکەی وازی لەسەرمایەی باوکی هێنابێو بیروباوەڕی چینەکەی بەلاوە نابێ، بەتایبەتی دوای چوارمانگ، کەپێی دەوتم:

ئامادەم لەخێوەتێك لەگەڵت دابژیم و دەسبەرداری هەمووشتێك دەبمو تۆ بۆ من هەموشتێکی ئەوەندەی تر گڕی عەشقەکەی خۆشتر دەکرد بۆ خۆشەویستی یەکەش هەرئەو ئۆقرەی نەگرتو پێی وتم رۆژێکیان بەتەنیا لەژێرسێبەری دار کالیتۆزێکی باخچە دانیشتبووم، بێگومان ئەم بەتەنیا دانیشتنە فێلێك بوو بۆ ئەوەی نەشمیل بمبینێ و بێت بۆ لام ، هەروایش بوو ، نەشمیل لەگەڵ دوو کچی برادەری خۆی وەستابوو، کەئاوڕی دایەوەو منی بینی ئەوانی بەجێهێشتو هاتە کنە من، لەتەنیشتەمنو لە دووری بستێکەوە لای من دانیشت. نیگایەکی کردم ووتی:

**- بۆ وا بەتەنیا دانیشتووی و بێ تاقەتی؟**

**- کوا بێ تاقەت نیم. .**

**دەستمان بەقسە کرد، دوایی وتی:**

**- هەڵسە پیاسەیەك بکەین.**

بەلەشێکی قوورسەوە لەگەڵیا بەگرانی هەنگاوم دەنا، وتی:

**- خوارەحم بکات، شتێکت بەدەستەوەیە، هەر من نەبم.**

سەیرێکم کردو لەنیگای چاومەوە تێگەیشتو ئەو بەردەوام بووەوە:

**- قوربان" جا قەیدی چییە، گەر منم، پێم بڵێ! ! !**

من هیچ قسەم نەکردو سەرم شۆڕکردبۆوەو هەر سەریشم هەڵنەبڕی.

**- ئەوەچییە،دەڵێی کەڕ و لاڵی بۆ قسە ناکەیت؟.**

من لەهەموو ووشەکانی تێ دەگەیشتمو دەمزانی ئەو دەیویست چی

پـێ بڵـێم، بـەڵام چـاوەڕێم دەکـرد ئـەو پـێم بڵـێ و خۆشەویسـتیەکە ئاشکرا بکات. لەوکاتە سـەرێکی هـەڵبڕی و سـەیری ئـەو هـەورە شـین و سپیانەی ئاسمانی کردو وتی:

**– سەیر کەئەو ئاسمانە چەند جوانە، بۆچی ئێمەیش جوان نەبین و یەکترمان (. . . . . .) ئەوەندەی وت و تەواوی نەکرد، من بەپەلە وتم:**

**– یەکترمان چی؟!**

**– نادەڵێم، ئەو ملوانکەیە جوانە؟**

– تۆ مەوزووعەکە مەگۆڕە، من هەقم چیە بەزەوقی خۆتە.

**– نە" دەبێ بەزەوقی تۆیش بێ.**

من پێکەنیم،ئەویش چاوەکانی پڕ بوون لەئاوو بە هێمنیەوەوتی:

**– خۆشم دەوێی. .**

– ئەگـەر بـاڵم هەبووایـە، لەخۆشـیاندا دەفـڕیم، هەناسـەیەکم هەڵکێشاو وتم:

**– (منیش خۆشم دەوێی..)**

نامەوێ زۆر سەرت بێشێنم، ساڵی یەکەم کۆتایی هات.

-٤-

سێ مانگی پشوودانەکەی هاوین ئۆقرەم لەبەر بڕا، نمرەی تەلەفۆنی دراوسێیەکەی خۆمانم دابووێ و پێم وتبوو ئەگەر شتێکی پێویست بوو وحەزی کرد بائاگادارم بکاتەوە. . بڕوا بکە ئەگەر هەموو ڕۆژێ تەلەفۆنی نەکردبووایە دووسێ ڕۆژ جارێك تەلەفۆنی بۆ دەکردم، وای لێهات بێزار ببوم، نەوەکو ئەو ماڵە دراوسێیەمان لێم بێزار ببن، پێم وت کەم تەلەفۆنم بۆ بکاتو مانگێ جارێك بەس بێت.

ئەمجارە تەلەفۆنی بۆ کردم بچم بۆ سلێمانیو سەرێکی بدەم. ئەم داواکاریەی خستمیە ڕاڕاییەوە. . نەچم . . دواجار بڕیارمدا دەچم، بەو بەهانەیەی کەدەچم سەر لەبرادەرەکانی سلێمانیم دەدەمو دوایی دەچم سەرێکی ئەویش دەدەم.

لەو کاتەدا یەك دوو جار بەم دیو و بەودیو ملی وەرسووڕاند وقرتەی لەملیەوە هێناو ملی خۆی تەقاند، ئینجا جگەرەیەکی تری داگیرساندو مژێکی قووڵی لێداو دەستێکی بەناو قژی داهێناو قاقۆڵی بۆ

سەرەوەبردەوەو پشتگوێی خوراند، ئەوجا لەسەری رۆیی:

– هەڵسام چووم بۆ سلێمانی، بەڵام زۆر بەدوودڵییەوە، تاوەکو سواری پاسیش بووم، هەرلەسەر چوونو نەچووندا بووم، دەتووت دەچمە ڕێی هاتو نەهاتێ، ئاخر من ئەگەر چووم بۆ ماڵی ئەوان بڵێم چیو ئەوان چیم پێ دەڵێن، هەرچەندە نەشمیل زۆر جار بۆی باس دەکردم کەبەلای ئەوانەوە شتێکی ئاساییەو دواییش ئەوان کێیان هەیە، هەیەتیو نیەتی دایکیەتیو باوکیەتیو خۆی نۆبەرەو تاقانەیە وەك خۆم ئاسایی، بێجگە لەوەشەوە باوکی خەریکی قۆنتەراتە و زۆربەی کات بە رۆژ لەماڵەوەنییەو شەوانە دەگەرێتەوە، پەیوەندیشی لەگەڵ دایکی وەك دوو هاوڕێ وایە.

کە لەسلێمانی لە(تووی مەلیك) خانوویەکەیانم بینی، درۆنییە گەر بڵێم بۆ ماوەی یەك دوو دەقیقە لەشوێن خۆم حەپەسامو نەجوولامەوە، نیوەڕۆیەکی گەرمی هاوین بوو، بەرەو دەرگاکەیان چوومو پەنجەم خستە سەر زەنگەکە، تۆزێکی پێچوو ئافرەتێکی کامڵ دەرگاکەی کردەوە وتی:

– **فەرموو.**

–زەحمەت نەبێ ئێرە ماڵی (نەشمیل) خانە؟

– **بەڵێ!**

– لەماڵەوەیە؟

–**بەڵێ، جەنابت کێیت؟!**

– برادەرێکی ئەوم و لەزانکۆ بەیەکەوەین.

– **فەرموو فەرموو وەرە ژوورەوە.**

– هەرکە چوومەژوورەوە، یەکسەر زانیم دایکیەتی، رووخساری زۆر لەنەشمیل دەچوو بانگی کرد:

**– نەشمیل نەشمیل، برادەرت هاتووە.**

بەپەلە نەشمیل هاتە دەرەوەو لەبەردەم هۆڵەکەیان زۆر بە گەرمی دەستی گوشیم و بەخێرهاتنی گەرمی کردم. بەپێچەوانەی ئەوە کەباوکی زۆربەی کات لەماڵ نەبوو ئەمجارە لەماڵ بوو، کابرایەکی کەڵەگەتی قژماش‌و برنج بەکراس‌و بێجامەیەکەوە دوای ماوەیەکی کەم هات تۆقەیەکی لەگەڵ کردم‌و دانیشت. لەوهۆڵەی کەلێی دانیشتبووین واڕازابووەوە دەتووت شانۆیەو دیکۆری بۆ کراوەو ڕازاوەتەوە مەگەر هەر لە ڕۆژنامەو گۆڤار شتی وات بەرچاوکەوتبێ، یەکەمجارم بوو لەم شێوە هەست بەکەم‌و کووڕیەکی زۆر بکەم‌و ئومێدی کەمیشم بەخۆشەویستی یەکەم نەمێنێ. هەرلەوێ بیرم دەکردەوە من دەبێ بەئەقڵ بیرکەمەوە نەك بەئارەزووی دڵ، ئاخر من لە کوێ‌و ئەو لەکوێ؟!! بەڵام باوکی ئەوەندە مەودای بیرکردنەوەی نەدام‌و پرسیاری کرد:

– هەولێر لەچی‌یایە؟

**– قوربان، باشە هەروا دەبێ.**

– خوا خوای ئەوەم بوو زۆر پرسیار نەکاو هەرچی زووتر بیبڕێتەوە، بەتایبەتی هەوەڵ جارترسی ئەوەم هەبوو لەماڵەوەمان بپرسێ‌و لەکارو کاسبی باوکم‌و وەزعی ئێمە بپرسێ، بەڵام هەر زوو پەشیمان بوومەوەو وتم جابۆ نەزانێ، ئەی ئەگەر سبەی دووسبەی ئەمەرێکەوتە لەگەڵ کچەکەی شتێ بوو، ڕەنگە هەر خۆی لەپانتۆڵ‌و

کراسەکەمەوە تێگەیشت بێ، بۆیە پرسیاری لێ نەکردم، هەر کەسەو بەکارو کاسبی خۆی، پرسیاری یەکێکی کرد، وتی پارێزەرەو ماڵیان لەئازادییە، نەمناسی وباش بوو زۆر لەسەری نەڕۆیی و هەڵسا رۆیشتە دەرەوە، نیوەڕۆکەی لەماڵی ئەوان مامەوەو زۆر تکایان کرد شەو بمێنمەوە، بەڵام خۆم دەروونم ڕاحەت نەبوو و داوای لێ بووردنم لێکردن‌و بەرەو هەولێر گەڕامەوە. ئیتر دوای ئەوە هەواڵی نەبوو، تاساڵی دووەمی کۆلێجمان دەستی پێ کردەوە، نابووره دوای ئەوە وادەزانم جارێکی دیکەش تەلەفۆنی بۆ کردم. .

هەواڵنامەی کتێب

-٥-

بێگومان مـن لـەژوورێکی بەشـی نـاوخۆیی لەگـەڵ سـێ قوتـابی دی بەیەکەوە بووین، (دلشاد)و (هۆشـیار) خـەڵقی سـلێمانی بـوونو (دانـا) خـەڵکی کۆیـە بـوو، یادیـان بـەخێر کـوڕی چـاك بـوون، مـن بـەهۆی پەیوەندی لەگەڵ هۆشیار، بەلامـەوە شـتێکی ئاسـایی بـوو باسـی زۆر نهێنـی خۆشەویسـتی یەکـەیانم بـۆ دەکـردم بـە تایبـەتی لەسـاڵی دووەمەوە، هـەروا ئـەویش کـەدەمبینی زۆربـەی کـات لەگـەڵ کچانەو تابلێی چاوکراوەو قۆشمـەبوو بـڕوا بکـەی یـان نەکـەی کـەیفی خۆتـە، بـــەلام بڕوابکـــە یـــەکێ لـــەو مرۆڤـــە ســـەیرانەی لـــەژیانما بینبێـــتم ئەو(هۆشـیار)ە بـوو چـۆن؟! ئـەوکوڕە هـەموو هیـواو ئـاواتی ئـەوەبوو لەگەڵ زۆرترین کچ رابوێری دەشیتوانی، چونکە خۆی کوڕێکی تـابلێی جوان بوو قژ زەرد، چاوشین، تەڕپۆش، تادەست هـەڵاوێی کەڵەگـەت هەردەم دەتووت تازە زاوایە یان هەربەلای خۆمـان نەدەچـوو دەتـووت ئینگلیـزە، هەرکەسـەیری دوا مـۆدێلی چـاکێتو پـانتۆڵ و پـێڵاو و جلـەکانت دەکـرد یەکسـەر بـۆت دەردەکـەوت کـوڕی کابرایـەکی زۆر

دەوڵەمەندە، زۆر شتی بۆ باس دەکردم، رۆژێکیان کچێك لەپێشمانەوە دەڕۆیشت، دەمو چاویمان لێ دیار نەبوو، شتی جوان لەدوورەوە دیارە، لەدواوە ئەو پووزەلووس و پڕانەی و هەڵبەز و دابەزی سمتی وقژی ڕەشی قەترانی بەسەر شان وملیدا پەخشن ببۆوە، هەموو ئەمانە بەڵگەی جوانیان دەسەلماند. هۆشیار بێ دەنگ بوو، سەیرم لێهات، کچ ئەگەر دە مەتر لەهۆشیارەوە دووربێ ئەوتێر و توانجی لێ دەداو خۆی بۆ ناگیرێ، جاری واهەبوو دەیبینی دوو کچ شەربەت دەخۆنەوە بێ ئەوەی بیانناسێ بەپەلە خۆی دەکرد بەژووردا و شەربەتێکی فڕ دەکردو پارەی کچەکانیشی دەدا، چۆنە وائەمجارە لەبەردەم ئەو فریشتەیە دەڕواو قسەناکات ، گەگەیشتینە تەنیشت کچەکە، هۆشیار ڕووی وەرسووڕاندو بەعەرەبی چاك و چۆنی کردو بەمنیشی ناساند، ناوی (مەها) بوو، لە کۆلیجی پەروەدە، بەشی فیزیا، بوو. دوایی کەکچەکە رۆیشت، لەهۆشیارم پرسی:

– **ئەمە چۆن دەیناسی؟**

هۆشیار پێکەنی:

– **یەکەم کچ لەم بەغدایە کەلە گەڵیدا رامبوارد، ئەم (مەها)یە بوو، خەڵقی ناسریەیە، بەڵام چی، یەك خۆشێکە).**

مامۆستا دلێر ڕووی لەمن کرد و وتی:

نەك هەر کچی زانکۆکەمان، شتێکی سەیرت بۆ بگێرمەوە کەچۆن کچێکی فەرمانبەری کۆلیجەکەمانی بەفەسڵ کردندا:

لەزانکۆکەمان، لە ژووری غیابات، کچێك دادەنیشت، کچێکی موسڵمان، سەروپەرچەمی خۆی بەچەفیەك دادەپۆشت و لەژێر

گەردنیـەوە گرێیـەکی لێـدەداو وهـەر دوو لچـکی چـەفیەکی بەسـەر سنگیدا شۆڕدەبوونەوەو زۆربەی کاتیش چەفیەکی ڕەشی دەبەستو کراسێکی شۆڕی لەبەر دەکرد تا گۆزنگی پێی، بەڵام هیچ ئەمانە نـەیان توانی بوو، پرشنگی چاوە ڕەشە گەورەکانی کە دەتـووت ژێـر پیاڵەیـە بشارنەوە، ئەو دەمە بچووكو کوڵمە خڕو لێوە گۆشتنانەی بشـارنەوە، ئەو خاڵە ڕەشەی خوار کوڵمی چەپی بشارنەوە. ڕۆژێکی ساردو سەرما هۆشـیار دەچـێتە لای، سـەیر دەکا کچـەکە لـەپێش زۆپایـەکی نـەوتی دانیشــتووە، لەکورســییەکەی تەنیشــت کچــەیش کورســییەکی دی دانراوە، لەبەر ئەوەی ژووری ئـەو کچـە کـەوتبووە نهـۆمی دووەمـەوە، هەردەم چۆڵ بوو وتاكو تەرا گەر یەکێ بەوناوەدا تێپەر بووایـەو ئەمـە سەرباری ئەوەی کـە زسـتانیش لەبـەر سـەرما دەرگاکـان دادەخـرێن. هۆشیار توومەز ئەوەنـدە بـە فێڵـی غیاباتـەوە چـووە بـۆ لای، کچـەکە بۆتە بـرادەری،، بـەیانی باشـێکی لێدەکاو لەکورسییەکەی تەنیشـتی دادەنیشێ دەستی لەزۆپاکـە نزیـك دەکاتـەوەو دەسـت بەقسـە دەکـا، تـۆزێکیش بـێ چـاوو روو و چـاوکراوە بـوو لەبـەر ئـەوە هـەرگیز بـۆ قسەکردن نەدەوەستاو سەری سووڕ نەدەما، باسی ساردو سەرمای بـۆ دەکاو باسی سلێمانیە حەیاتەکەی بۆ دەکـاو دوایـی باسـەکە دەگـۆڕێ ودەڵێتە کچکە:

**– سەیرە هەندێ کەس دەست بـەر ئـەژنۆیان بکـەوێ ختووکـەیان دێت.. تۆیش وایت؟**

ئەمە دەڵێو یەکسەر دەست دەخاتـە سـەر ئـەژنۆی، بـەڵام کچـەکە بچـووکترین دەسـت کردنەوەیـەك ناکاتـەوەو هۆشـیاریش یـەك دووجـار

دەست بەسەر ئەژنۆیدا دێنیو دوایی دەستی زێتر بۆ سەرەوە بۆ لای ڕانی دەبات، کچەکە هەر قسە ناکاتو زیاتر مەست دەبیو شەهوەتی بەرز دەبێتەوەو لەو کاتەدا کچەکە خۆی لێوی لەلێوی نزیك دەکاتەوەو ماچێکی گەرم لەڕۆژێکی ئاوا ساردا دەکات، ئیتر ئەوەهەتیوە پێی فێر دەبێ هەموو ڕۆژێ سەرێکی دەداو ماچی خۆی دەکات.. ڕۆژێکیان عەمیدی کۆلیجەکەمان بەرێکەوت بۆ نهۆمی دووەم سەردەکەویو دەرگای ژووری ئەوکچە دەکاتەوەو دەبینێ لەسەر کۆشی قوتابیەك دانیشتووە، ئیتر هەر ئەو ڕۆژە بڕیاری دەرکردنی ئەو کچە بەستەزمانە دراو کاك هۆشیاریش حەفتەیەك دەرکراو دوایی گەڕایەوە، جاوەکو عەرزم کردی قەت بۆ قسە نەدەوەستاو زۆرزان بوو، ئاخر ئەمەیش هونەرێکە، دەمبینی دوو سەعات سێ سەعات لەگەل کچێکا پیاسەی دەکرد، نازانم باسی چییان دەکرد، ئاخر بابەتیك نییە، من خۆم کەلەگەڵ کچێکدا پیاسەم دەکرد، زۆربەی کات بێ دەنگ دەبووم، سوورهەڵدەگەڕام هەستم بەتێکچوونی ترپەی ئاسایی دڵم دەکرد، جاری واهەبوو ئارەقەم دەکرد، نەمدەزانی باسی چی بکەم، جارێ هەر زۆریان پێ ناخۆش بوو باسی دەرزو دەوام وکتێب رۆشنبیریت بکردایە، سیاسەتیش هەرنا، ئەوبابەتەی کە بەلایانەوە لەهەمووشتێ دڵگیرتر بووو هەوەسیان پێ دەهاتو خدوو وئولفەتیان پێوە گرتبوو ئەوە بوو، پێیان بلێی:

(**– ئەرێ ئەم تەنوورەیەت زۆر جوانە،کوێندەرییە؟ لە کوێ بۆت هاتوە؟**) یان سەرەباسی ئەوان ئەوەبوو:–

(**– دەزانی فلانو فلان ئێستا هەموو کات بەیەکەوەن، ئەرێ**

## پەیوەندییەکەیان چییە؟!

زۆرباسی وشکو بێ تامو بێ لەززەتی تر، کەتەنها بۆ کات بەسەربردن بوو، ئەمە سەرباری ئەوەی ئەو پیاسە کردنانەیش زۆرجار هۆی جۆراو جۆری هەبوو،بۆ نموونە:

کوڕێك لەگەڵ کچێك بەینیان تێك دەچوو،دەچوو کچێکی دەدۆزیەوەو لەبەرچاوی ئەو پیاسەی لەگەڵ دەکردو بەبێ هۆو بێ هیچ بۆنەیەکەوە لەقاقای پێکەنینی دەدا بۆ ئەوەی خەفەت بخاتە دڵی کچەکەی ترەوە،یان کوڕو کچی وا هەبوون سەیریان دەکرد برادەرەکانیان لەگەڵ یەکێکن وەکو بڵێی ئەوانیش بۆ ئەوەی هەست بەکەمو کورتی نەکەن تاکێکیان دەدۆزیەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا زۆر لەو پیاسانە کوڕە کە کچەکەی هەڵدەخەڵەتاندو پێی رادەبوارد هەروا بەپێچەوانەیشەوەکچەکە بە کوڕەکەی ڕادەبوارد.

جا ئەم هۆشیارە وابوو، شتی سەیری هەیە،ئەگەر تابەیانی بۆت باس بکەم تەواو نابێ،بەڵام وا مەزانە من هەمووکاتێك لەگەڵ هۆشیار بووم، نەء، بەڵکو تەنیا لەبەرئەوەیە ئەم هەمووشتەی دەربارە دەزانم وەك پێشتر عەرزم کردی لە بەشی ناوخۆییبەیەکەوە لەژوورێکا بووین.

هەتا ژوورەکەیشمان سەیر بوو، نەفسیاتی جۆراو جۆرو خاوەن بیری جیاواز،وەك چۆن دەڵێ" هەریەکەو لەئاشێك لێی دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشا پەیوەندییەکانمان لەسەر بنچینەی رێزو خۆشەویستی بوونو زۆر کەم لەگەڵ یەك عادز دەبووین، ئەویش من هەرنا، بەڵکو

زۆربـەی کـات دڵشـادو دانـا لەسـەر فیکرەکـەیان ڕێـك نەدەکـەوتن‌و (دانوویان پێکەوەنەدەکولا) دڵشاد دەیووتە دانا:

**–بەر لەهەمووشتێك خەباتی چینایەتی پێویستە بۆ لـە نـاوبردنی سەرمایەداری. .**

بەڵام داناو زۆر جار منیش پێمان دەوت:

**– تۆ یاساو دەستوورەکانت لەدەرەوە خواستووە، بیروڕایـەکانت قالبن چۆن کرێکارێکی بیانی لەگەڵ کرێکارێکی لای خۆمان بەراوورد دەکرێت، ئێمە جارێ بـەر لەهـەموو شـتێك پێویستمان بەخـەباتی (مانەوە) هەیە. . .**

زۆر شـەو ئـەو گفتوگۆیـەمان دووبـارە دەبـووەوە بـەڵام کـە زۆر درێژی دەکێشا هۆشیار دەیکردە بەزم‌و دەیووت:

**– ئەحببەك.. ماکو داعی. .**

دڵشـاد یەکسـەر بـەم ڕسـتەیە چـاوی دەرپەڕیـە پشـتی سـەریەوە، ئـەم ڕسـتەیەیانی چـی و بۆچـی وادڵشـاد پێـی قـەبز دەبوو؟!..

کەلـەزانکۆ وەرگیراین،هێشـتا سـێ مـانگ تـێ نەپـەڕی بـوو، دڵشـاد،کەئێمە لـەژوورەوە بە(دڵـە) بانگمـان دەکـرد، هـەموو شـەوێك گێـژی کردبـووین ئەوەنـدەی باسـی (وەردە)مـان بـۆ بکـات، وەردە کچێکی بەغدایی بوو، کە ڕێـی دەکـرد دەتگـوت پـۆرە، ئـەو چـاوانەی بەقەڵـەمی ڕەش دەنەخشـاند وجانتایـەکی بەشـانیەوە دەکـرد بابووجێکی پاژنە بەرزی لەپێ و کراسێکی قۆڵ کورت، کافربابەی هەر لـەبیانی و کچـە هونەرمەنـدەکانی هۆلیـوودی دەکـرد. وەردەش هـەر

لەبەشی دەروناسی بوو، وەلێ ئەو لەپۆلی چوار بووو دوای سێ چوار مانگی دی تەواو دەبوو، ئێمە لەپۆلی یەك بووین.

دلشاد هەر بەڕاستی بۆ وەردە ئاگری تێ بەربووو، داوای لەهۆشیار ی ساختەچی کرد هەندێ شتی بەعەرەبی بۆ بنووسێتەوە،چونکە خۆی لەعەرەبی بەڵەدنەبوو، وەك خۆی واتەنی عەرەبیەکەی دووکەڵی دەکرد، هۆشیاریش لەو شتانە بەڵەد بووو سەری تێدا کولابوو، هەندێ شتی بۆ نووسیەوە، ئەگەر ئەو وای وت تۆ وابلێ، ئا بەم شێوەیە،دوو سێ شەو دڵە پرۆڤەی لەسەر ئەو رستانەدەکرد. .

ڕۆژێکیان دەبینی وەردە بەتەنێ لەسەر کورسیەکی ناو باخچەی زانکۆ دانیشتووەو بەهەلی دەزانێ ودەچێتە لایو ئەویش زۆر ئاسایی قسەی لەگەڵ دەکاتو بەڕوویەوە پێدەکەنێ دلشاد پێی دەڵێ:

– وەردە ئەنا ئەحببەك..

وەردەیش سەیرێکی دەکاو بەچاو زەق کردنەوەیەکی گاڵتەوە سەیری دەکاو دەڵێ:

– سودك!!

ئەمە دەڵێیو جانتاکەی هەڵدەگرێو پێی دەڵێ

–ماکوداعی . .

جاخۆ نەگبەتەی ئەگەر خۆی والە نووکەوە بۆی نەگێڕابوایناییەوە ئێمە نەمان دەزانی، ئیتر ئەم ڕستە ببووە بنێشتە خۆشەی دەمی هۆشیار، هەرکاتێ بیویستبایە دڵە تووڕە بکات، ئەم ڕستەیەی بەروودا دەدایەوە.

لەوکاتەدا وتی:

**(– بادوا پێك تێکەم. . )**

لەگەڵ ئامادەکردنی پێکەکە ئەم بەیتە شیعرەی خوێندەوە:

**((لەناکەس کاریا خاکم بەسەر، ڕۆیی بەباعومرم**

**خودا تۆ بمژیینە، تالەبەر قاپی کەسێ دەمرم))**

پێکەکەی فڕکردو یەك دوو کەوچك هەناری لەسەرکرد، ئینجا وتی:

**(– وابزانم ساوارەکەیشمان پێ گەیشتووە، بچم سەرێکی بدەم..)**

ئەمـــەی وتـــوو هەڵســـا ڕۆیشـــتە دەرەوە، لەوکاتـــە منـــیش هەڵســـام یارمەتیمدا لەرێکخستنی قاپو قاچاغو پاك کردنەوەی پیـازو دروسـت کردنی زەلاتەو دانیشتین دەستمان بەنان خواردنێ کرد.

## -٦-

تالەنان خواردنەکە بووینەوە، کەسمان قسەمان نـەکرد بەیەکـەوە قاپو سفرەکەمان کۆکردەوەو دانیشتینەوە چایمان خواردەوە، ئینجا دەستی بەباسەکەی کردەوە:

**- ئێ گەییشتینە کوێ؟**

**- گەیشتینە ئەوەی هۆشیار ئەو پەندەی بەدڵشاد کرد.**

- بەڵێ‌‌‌‌‌‌‌‌". . تەنها دانا نەبێ لەکۆیە دەسگیرانی خۆی هەبوو وهـەر لەمناڵییەوە لەجیاتی بن پشك لە(دانا) یان مارە بڕی بوو، ماڵـەوە بـۆ براکەیان ژن بەژنی یـان کـرد بـوو گـەورە بەگچـکە، وەك خـۆی باسـی دەکرد زۆر دەسگیرانەکەی خۆش دەویسـتو هـەر لەمناڵیـیـەوە کەلـە (سەرگرد) پێکەوە یاریـیان کردووە. . بۆ هۆشیاریش، باوەڕ بکـە زۆر جار پێم دەوت:

**- تۆ بۆ بۆ خۆت کچێکی ڕێكو پێك نادۆزیتـەوە؟ واز بێنـە هـەر ڕۆژەی لەگەڵ یەکێکیت سووك دەبیت!**

جارێکیان بەکورتی وەڵامی دامەوە:

– باوکم لەتەمەنی چل ساڵی ژنی مردووە،دایکی منی هێناوە، لەژنی پێشووی منالّی نەبووە، ئەمجارەیان منی نۆبەرە دەبێتو دوای منیش خوا سێ کوڕو دووکچی تری پێ بەخشی، وەختێك ئێمە پێ ڕاگەیشتین، من بەچاوی خۆم دەمبینی دایکم سوڵتانیماڵەوەیە وباوکم لەژێر دەستی دایکم وەك ئامێرێکەو ئیشی پێ دەکات، ئەم دیمەنە زۆر ئازاری دەدام، خانووەکەمان دایکم بەناوی خۆی کرد، هەرچی زێڕو شتی هەبوو خشتبوویە ناو جانتاو کیسەی تایبەتییەوەو لەشوێنی تەقەتی شاردبۆوە.

ئەگەرچی ئێمە خاوەن کۆشكو ئۆتۆمۆبێلین ئەو کاتەو ئێستاکەیش، بەڵام ئێستاکەیش باوکم" هیچ نیشانەیەکی دەوڵەمەندی پێوە دیارنییە، پانتۆڵێکی قاوەیی سپی پاتو کراسێکی مەیلەو بۆر لەبەر دەکات، بێگومان ئێمە هەرچەند پێ ڕادەگەیشتین، ئەم دیمەنە دەبووە ئازارێکی دەروونی بۆ هەمووومان یان واچاکترە بڵێم بۆ من، بەتایبەتی، کەبۆ بچووکترین شت داوام لە باوکم دەکرد، یان وەك باوکی خەڵکی ڕێنوومابیم بکات، یەکسەر دەیوت:

– **برۆ لای دایکت**

دنیا لای ئەو ئەوەندە بوو، دایکم نەڕەنجێ و دڵی ڕازی بێت، دایکیشم هەموو پاداشتەکانی داوە، شەوێکیان ڕەدووی کابرایەك کەوت. لە بەر ئەوە لێت ناشارمەوە ئەم دیمەنە ئازار بەخشانە بوونەتە گرێیەکی دەروونیو کۆڵم نامرێ، هەردەم حەزدەکەم تۆڵەی باوکم لەهەموو ئافرەتێك بکەمەوە،من دەستەڵاتم بەسەر ئافرەت دا هەبێتو ئازاری بدەم.

لــێم ببــوورە جارجــار ئەگــەر لەبابەتەکــەو ویســتی تــۆ دوور دەکەومەوە، هەموویان پێوەندیان پێکەوەهەیە، چونکە ئەگەر نەزانی من چیم بینیوەو چیم کردووەو پەیوەندیم لەگەڵ برادەرەکانم چۆن بووە، ناتوانی لێم تێ بگەی. . ساڵی دووەم لە کۆلیج پەیوەندیم لەگەل نەشمیل ڕۆژ بەڕۆژ پتەوتر دەبوو، زۆربەی کات بەیەکەوە بووین، لەیانەی زانکۆ پێکەوە دادەنیشتین گاڵتەو قسەی خۆشمان دەکرد، نەك هەر لەناو زانکۆ جارجار پێکەوەسەعاتێکمان دیاری دەکردو دەچووین بۆ بازاڕ، بۆ سینەما، بۆ چێشتخانەو شوێنی دی، هەستم دەکرد ئەو پەیوەندییەمان بەرە بەرە دەکەوێتە سەرزاری قوتابیەکانی پۆلەکەمانو دەبێتە سەرەباسو مەوزوعی شەوانەی بەشی ناوخۆیی قوتابیان. .

بێگومان هەردووکمان خۆشەویستیەکەمان لەنێو دڵمان دا حەشار دابوو نەمان دەویست خەڵکمان لێ تێ بگات، بەڵام سوودی نەبوو (دارو دیواریش گوێی هەیە)، شتی وایان پێ دەوتین کەهەمووی بەڵگەی ئەوە بوو ئەوان لەئێمە خۆمان زیاتر ئاگادارن، بەرەبەرە خۆیشمان زۆر بەرپەرچی قسەکانمان نەدەدایەوەو بەتایبەتی نەشمیل حەزی دەکرد هەموو خەڵك پێ بزانێ.

ڕۆژێکیان منو نەشمیلو دووکچی دی لەزانکۆ دەهاتینەوە بۆ ناوبازاڕ بچین، منو نەشمیل لەدواوە بەپیاسە دەڕۆیشتین و دوو کچەکەی دی چەند شەقاوێك لەپێش ئێمەوە دەڕۆیشتن، یەکێك لەو دوو کچەکان ئاوڕی دایەوەو بە بزەیەکەوە ووتی:

**– ئەرێ چیە نەشمیل هەر تەواو نەبوون؟!**

(نەشمیل)یش بەبزەیەکی پاكو تێڕوانینێك کەڕەنگە هەر خۆیان

لێیَ تیَ بگەن، بۆیە دەڵێم هەر خۆیان لێی تیَ دەگەن، تاقیکردنەوەم زۆرە،باوەڕت بیَ بەس بەئیشارات لە یەکتر تیَ دەگەن، زمانێکی تایبەتیان هەیە، وتی:

**– ئیَ چی بکەم، مسارەحەی دەکەم ، ڕازی نابیَ.**

کچەکانی پێشەوە دایانە قاقای پێکەنین

ڕۆژێکی دی بەتەنیا بووین، دنیا گەرم بوو، لامان دایە دوکانێکی ساردەمەنیو ساردیمان خواردەوە، کەتەواو بووین ویستم پارەی ساردەکان بدەمە کابرا، نەشمیل توند دەستی گرتمو نەیهێشتو دەستی کرد بەجانتاکەی خۆیدا و پارەی ساردەکانی دا وتی:

**– تۆ بۆ واسەیری ئەی ئەم پارانە هی کێن؟ ئەوانیش هەر هی تۆ نین؟**

ئینجا بزەیەکی بۆ کردم و لێوەکانی کردەوەو ددانەجوانەکانی بەدەرکەوتن، کەدەستی خستە سەردەستم بۆ ئەوەی من پارە نەدەم، دەستی دەتووت ئێسکی تیا نیەیە، ئارەقەی ناو لەپیَ دەستی بەسەرپشتی دەستمەوەخەریك بوو دەخزی..

هەر ساڵی دووەم، دوای پشووی نیوەی ساڵ ، گەشتێکمان بۆ (حەببانیە) کرد، نەشمیل بیَ ئەوەی من ئاگام لێی بیَ، ناوی منیشی نووسی بوو و پارەی منیشی دابوو، هەتا یەکیَ لەقوتابیەکانی برادەر بەپەلارەوە وتبووی:

**– ئێوە یەك کیسەنە. .**

ئیتر شت زۆرە ونازانم لەکوێوە دەست پیَ بکەم، بەهەرحاڵ، نێوانمان زیاتر پەرەی دەسەند تائەوە بوو ڕۆژێکیان نەشمیل وتی:

**– حەز دەکەم ئێواریَ بچین بۆ (ئەبی نەواس).**

**– باشە قەیدی چیە.**

ئێوارە ،نەشمیل جوانترین جلی کردبووە بەر لەبەردەم بەشی ناوخۆیی چاوەڕێم کردو ڕۆیشتین چووینە ئەبی نەواس، ئەو ناوە چۆڵ بوو، بەپیاسەیەکی هێمنو بەدەروونێکی بەکوڵ هەنگاومان دەنا، جریوەی مەلەکانو دیمەنی رووباری دیجلەو سێبەری ئەودار کالپتۆزانەی ،دڵێ ئادەمیزادیان دەکردەوە، بۆنو بەرامەی نەشمیل چالاکیەکی تازەی بەرۆحی مرۆڤ دەبەخشی، زۆر پیاسەمان کرد، باسی زۆر شتمان کرد، پێوەندی نێوان کچ و کوڕ،مەسەلەی ژن هێنان، بیرەوەری منالێمان، بیرمە لەباسی بیرەوەری منالی خۆی نەشمیل وتی:

(– من لەسابوونکەران لەدایك بووم. . تابوومە پێنج سالێش هەر لەسابوونکەران بووین. . باوەڕ بکە لەمنالێشما هەر شەرمن نەبووم، لەگەڵ کوڕانا یاریم دەکرد، جارێکیان یەکێکیان باوکی بووکەشووشەیەکی جوانی بۆ کڕی بوو، لێم دزی، سێ چوار رۆژ نەمهێنایە دەرەوە، دوایی کەهێنامە دەرەوە لێیان سەندمەوەو چاکیشیان تێ هەڵدام، بەڵام باش بوو بەهۆی ئەو تێ هەڵدانەوە باوکم دانەیەکی لەمەی ئەو بۆ کڕیم. . ) زۆر جاریش نەشمیل نازانم نەبەگاڵتە بوو نەبەڕاستی بوو، لاسایی شێوە زاری هەولێریی دەکردەوەو دەیووت:

**(– ئەدی کو. . بابەکەم! !)**

لەوکاتە یەکسەر ئاوڕێکم لێ دەدایەوەو ڕێك چاوم دەبڕیە ناو چاوی، کەهەر سێ بست لەیەکەوە دوور بووینو حەزم دەکرد لەباوەشی بکەم و توووند بەخۆمەوە بیگوشمو بیکەمە دلۆپە ئاوێك بۆ

دەروونی تینووی خۆشەویستیم ،بەڵام تەزوویەك بەهەموو گیانمدا دەهاتو خاوی دەکردمەوەو دەمووت: نەخێر دەبێ سەنگین بم، نەوەك هەڵمخەڵەتێنێو پێم ڕابوێرێ، ئەو خۆی ئەگەر بەڕاستی بێ بێ من ئۆقرە ناگرێ. .

ئەویش چاوەکانی زەق دەکردەوەو دەیووت:

**– باشە تۆ بۆ پێت ناخۆشە. . وەڵڵا بەراستمە، ئەی وا نەبووم بەهەولێری؟!!** سەرێکم بادەدا، ئەو سەربادانە نیشانەی ئەوەبوو پێم دەوت: **چەند مەکرۆی‌و هەروا نیشانەی خۆشبەختی بوو. .**

لەکەنار ڕووباری دیجلە دانیشتین، هەر دوو بست لە یەکترەوە دوور بووین، من سەیریم نەدەکردوهەر کەقسەیشم دەکرد هەڕ رووم لەئاوەکە بووو جارجار بەردی بچووك‌و کەستەکی چوار دەروم هەڵدەگرتەوەو دەمگرتە ئاوەکەو بەتیی چاوێکەوە لەپووزو پێو پێڵاوی رادەمام.. بیرمە لەوکاتە باسی خۆشەویستیم دەکردو پێم وت:

**(– نەشمیل خان خۆشەویستی بۆ یەکێ باشە سەروەت‌و سامانی زۆری هەبێ، ئەگینا خۆشەویستی چیەیە وچی پێ دەکرێ؟!)**

بەم ڕستەیەئاگام لێ بوو دڵی ڕەنجاو ڕووی کردم بەودیوو ڕەنگی گۆڕا و ئەو پێکەنین‌و شادیەیەی تاساتێ لەمەوبەر بە ڕوویەوە دیاربوو گۆڕا بۆ خەم‌و پەژارەو چاوی بڕیبووە عەرزەکەو سەری شۆڕکردبۆوەو یاری بەملوانکەکەی ملی دەرکردو دوایی دەستی هەڵگرت‌و ناولەپی دەستی چەپی خستە سەر ناوچەوانی. هەستم کرد، هەق نەبوو دڵی عادز بەکەم‌و خێرا پژێوان بوومەوە و وتم:

**– ئاخر. . من‌و تۆ. .**

کەئەمەم ووت یەکسەر تەماشایەکی کردمو وەك بڵێی چاوەڕێی وەڵامێکی خۆشبکاتو یەکسەر قسەکەی پێ بڕیم و وتی:

**– بەڵێ:**

من بێ دەنگ بوومو نەمزانی چی بڵێم، گێژببوومو قسەم بۆ نەدەهات. دەستێکم خستە ژێر چەناگەمو دەستەکەی ترم لەسەر ئەژنۆم بوو، نەشمیل ئەو بێ دەنگییەی شکاند و وتی:

**– دلێر گیان . .**

ئەوەندی ووتو ئەمجارە بەدەنگێکی بڵندو نیمچە قیژەیەکەوە وتی:

**– ئاخر وانییە. .**

ئینجا بەهێمنییەوە دەستی ڕاستی خستە سەر دەستمو بەخێراییو بەسەر یەکەوە وتی:

**– تۆ بۆ تێ ناگەی من خۆشم دەوێی. . خۆشەویستی کەی تەمەن ودەوڵەمەندیو ئەوشتانە دەزانێ؟!**

کەدەستی خستە سەر موچڕکەیەك لە تەونی سەرمەوە تاپێم سڕی کردم. . ترپەی دڵم بەرز بووەوە، هەستم بەگەرمی یەکی زیاد لەپێویست کرد ،منیش لەسەرخۆ دەستیم خستە ناوهەر دوو دەستمەوە، چاوم داخست، چاوم پڕ لە ئاو بوو، ئەویش ڕووی خۆی تەواو بۆ لای من وەرگێڕا، هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا، دەستم خستە سەر شانی، قسەم بۆ نەکرا، دەتووت زمان لەدەمما نییە یان من هەر کەڕولاڵ بوومە، کزەبایەکی دەهات، ئەو ناوە لەگەل گیاو گوڵ سەوز دەچووەوە، گەڵای دارەکان بەدەم کزەبایەکەوە دەلەرینەوە دیجلە زۆر ئارام ڕێی دەکردو وەك بڵێی شایەدی

ئەوساتە بیَو بەوردی گویَی لەڕازەکانمان گرتووە. . دەستێکم بەناو پرچی داهێناو سەرمان لەیەکتر نزیك کردەوەو ڕوومەتیم ماچ کرد، ماچێکی ئاگراوی، لەباوەشم کرد، زۆر بەتوندی بەخۆمەوە گوشی، ئاهێکی لێ بەرزبۆوە، هەستم بەلێدانی ترپەی دڵی کرد، هەر دوومەمکی وەك شتێکی نەرمو نۆڵ، دەتووت منالّنو ئۆقرە ناگرێ، بەسەر سنگمەوە جووڵە جوولیان بوو. کەوتبووینە حاڵەتێکی واوە، هەستێکی وامێشكو گیانی تەنی بووین، ئەگەر لەوکاتەدا هاتوچۆکەرانیش بەوناوەدا تێپەڕ بوونایە، ئێمە ئاگامان لێ نەبوو. . ئەو ئێوارەیە تابەرەبەرەی رۆژئاوا کاتەکەمان لەوێ بەسەر برد، خوا خوامان بوو خۆر بەتاقی ئاسمانەوە بوەستێتو رۆژئاوا نەبێت.. ئێوارە گەیاندمەوە بەردەرگای بەشی ناوخۆیی، لەبەردەرگا هیچیمان نەمان دەویست یەکتر بەجێ بێڵین،من چاوڕێم دەکرد ئەو خوا حافیزی بکاو بڕوا ئینجا من، ئەویش بە پێچەوانەوە، بۆماوەی دووسێ دەقیقە وەستاین، ئینجا من زۆر بەسۆزەوە وتم:

**–باشە دەی. . . دەبڕۆ. .**

**– نا، ناڕۆم. . تۆ بڕۆ، تۆ نەڕۆی قاچم عەرزەکە ناگرێ.**

ئیتر من ڕۆیشتم، کەماوەیەك دوورکەتمەوە، ئاوڕم دایەوە ئەوهەر لەشوێن خۆی وەستابوو و چاوی بڕیبووە من، لەگەڵ ئاوڕدانەوەکەی من پێکەنیو دەستی بەرزکردەوەو ئینجا ئەویش ڕووی وەرگێڕاو بەرەو دەرگا ڕۆیشت. .

-٧-

ئەوشـــەوەخەو نەچـــووە چـــاومەوە، هەرچـــەندە هەوڵمـــدا خـــۆم بەخوێندنـەوەی وانەکانمـەوە خـەریك بکـەم، بـەهیچ شـێوەیەك بـیرم بەسـەر شـتێکەوە نەدەگیرسایەوەو هـەزارو یـەك خـەیاڵاتی عەنتیکـە عەنتیکە بەمێشکمدا تێ دەپەڕین. . لەیەك ساتدا بیرم لە سەرەنجامی ئـەو خۆشەویســتیەمان دەکــردەوە، بــیرم لــە حــاڵی ماڵــەوەمان دەکــردەوە، بەتایبــەتی لەوســەفەرەی دوایــی کەگەڕامــەوەباوکم زۆر نەخۆش بوو. .

بیرم لەهەموو وتەو قسەو جوولەی ئەو ڕۆژەمان دەکردەوە، چۆن دەستیم گوشی، چۆن ماچم کرد، چۆن.و . ئـاخر ناهـەقم نـەبوو، مـن یەکەم جاربوو لەژیانی گەنجیەتی خۆمدا، ئافرەتێك خـۆی بخاتـە بـەر دەستمەوە، بەووشە بەسۆزو جۆشانەی گڕی دەروونم خۆشـتر بکـات ڕەنگە ئەمە بۆ یەکێکی خاوەن تاقیکردنەوە شـتێکی ئاسـایی بووایـە، بۆیە دەڵێم لـەژیانی گەنجیەتیمـدا ، چـونکە پـێش ئـەوەی تـەواو پـێ

ڕابگەم، بیرمە تەمەنم چواردە پازدە ساڵ دەبوو و وەك خۆت دەبینی هەر لاوازیش بووم، کیژەکانی گەڕەکێ بەتایبەتی ئەوانەی عازەب بوونو هەرزەکار بوون، کە دەهاتن بۆ ماڵەوە دەست گەمەو سوحبەتیان لەگەڵ دەکردم و چاویان لێ دادەگرتمو تەشقەڵەیان پێ دەکردم، منیش ئەوکات مێردمنداڵێکی شەرمن بوومو زۆر هەستم بەو شتانە نەدەکرد، زۆر جار بە چرقەی گەرما لەکۆڵان لەبەر دەرگا دەوەستامو ئەوانیش ئاویان پێ دادەکردم، بیرمە جارێکیان من لەژوورەوە بوومو خەریکی رادیۆ بووم یەکێکیان هات بۆلای دایکم کەلەهەیوان خەریکی دوورینی بەرگە بالیف بوو، دوای ماوەیەك هاتە ژوورەوە بۆ لای منو لە تەنیشتم دانیشت، من پەنجەم لەسەر دوگمەی رادیۆکە بوو، ئەویش پەنجەی خستە سەر پەنجەی من و وتی:

**- نایەڵم رادیۆکە پێکەی**

منیش هیچم نەدەوت و هەر تێی ڕادەمام وشەیتانیش بووم بایی خۆم، لەدرزی یەخەوە سەیری مەمکە سپیەکانیم دەکرد. وەکو پێشتر وتم ئەم شتانە بۆ یەکێکی خاوەن ئەزموون زۆر ئاسایی بوونو هەر هیچ نەبوون، هەردوور نەڕۆین بۆ هۆشیاری برادەرم ئەمانە هیچ نەبوون، بەڵام وامەزانە هۆشیارو ئەوانەی وەك هۆشیارن لەژیاندا بەختەوەرن، نەخێر من ئەمە قەت بە ئەقڵمدا نایێت، چونکە ڕەنگە هەر بچووکترین یادگاری ئەو شتانەیان لە خەیاڵ نەمابێ، ئەی چۆن؟ ئەوانەی ئەوان جنسە، جنسو عەشقیش جیان.

هەر بەم بۆنەیەوە کەناوی هۆشیارم هێنایەوە، لێگەڕێ با باسی

ئەو قوڕە خەستەت بۆ بکەم، کە هۆشیار تێی کەوت. وەکو پێشتر عەرزم کردی هۆشیار هەر خەریکی ڕابواردن بوو، ئاگای لەدەرزوو دەوام بڕا بوو، هەتا ڕاپۆرتێك چیە بۆی نەدەنووسرا، بێگومان هەر هۆشیار نەبوو لەزانکۆ خەریکی رابواردن بێ، زۆری تر هەبوون، جا هەریەکەو لەڕێگایەکەوە، هی وا هەبوو لەڕێگای سەروەتو سامانەوە، هی وابوو لەرێگای سیاسەتەوەو سوودی لەژووری یەکیەتی قوتابیانەوە دەبینیو بۆ جێ ژووانی. . ئەوەیشت بیر نەچێت هەرقوتابیان نەبوون، فەرمانبەر و عەمیدی کۆلیجەکەیش هەر خەریك بوون. بێگومان هەموویان نا،مەبەستم هی لەو بابەتەی تیابوو کەژمارەیەکی کەمیان پێك دەهێنا بەچاوی خۆم بینیومە، کەچۆن دوو کچ هەبوون، (گوڵنار)و (چیمەن) دەیەها جار بەسەعات ودوو سەعات لەژووری عەمید دەمانەوەو تەنانەت هاوینەکەیش کە من بۆ وەرگرتنەوەی نمرەکانی تاقیکردنەوە چوومەوە بۆ بەغدا، سەیر دەکەم هەردووکیان والەبەرامبەر ژووری عەمید وەستاونو چاوەڕێ دەکەن، ڕەنگە سەیریشت لێ بێ گەربڵێم نەك عەمید بەخۆی بەڵکو برایەکیشی هەبوو بە هەموو دەمێ لەناو کۆلیج دەسووڕایەوەو لەگەڵ ئەو دووکچە پیاسەی دەکرد.

مامۆستایەکیشمان هەر هیچ" لەگەڵ کچێك شەو درەنگ گرتبوویان، وەختێك کەکچەکەی هێنابووەوە بۆ بەشی ناوخۆیی، پۆلیس گرتبوویان وماوەیەك بزر بوو، دوایی نازانم بەچی بۆیان پینە کردبووو هاتەوە. .

تکات لێدەکەم بەهەڵەدا نەچی واتێ بگەی کە من ئەوەندە

بەرامبەر زانکۆ داخ لەدڵ بم یان بمەوێ لەپایە و ڕێزی هیچ کچێکی زانکۆ بێنمە خوارەوە،نەخێر،هەرگیز شتی وا نیە، بەپێچەوانەوە ئەوانەی من باسیان دەکەم بەژمارە کەمن بەنسبەت ئەوانەی کەلەسەر پایەی ڕێزو خۆشەویستی لەگەڵ یەکدان، بەڵکو من مەبەستم هۆشیار و ئەوانەی وەك ئەو ئاسان. . ئەگینا زۆر کچو کوڕی برادەرم هەبوون ئێستاکەیش ئەوپەڕی شانازیان پێوە دەکەم زۆر تێنووی دیدەنیانم.

جاهۆشیار ئەوکەسانەی دەناسی کە وەك خۆی خەریکی ئەو بەزمو رەزمەبوون. برادەری لەو بابەتەی زۆر بوون. یەکێك لەو برادەرانە خۆی بەکچێکی ناساند بوو، کەهەرچەندە ئێمە، یاڕاستترە بڵێم من، نەمدی بوو، بەڵام ناوەکەیم بیستبوو، ئەو برادەرەی هۆشیار نەوەك جارێك بەڵکو چەندان جار لەگەڵ ئەوکچە رابواردبووو تەنانەت شەو لەلای مابووەوە. هۆشیار ئەو کچە دەباتە ماڵی ئەوان، کەماڵیان لەبەغدا بوو چەند سەعاتێك لەژوورێکی کردبوون، هۆشیار دوای ئەوە زۆری خواردبۆوەو هۆشی لای خۆی نەمابوو، کچەکەی کردبوو بە ژن، بێگومان ئەمە شتێکی کەم نیە، لەبەر ئەوەی دەوڵەمەند بوونو مەسەلەی نامووس بوو، بەکرو بێ دەنگی مەسەلەکەیان بڕاندەوەو هۆشیار کچەکەی هێنا،ئیتر نازانم دوای ئەوەی لەزانکۆ تەواوبوون، ژنەکەی تەڵاق دا یان هەربووە خێزانی دوای زانکۆ نەمبینیەوە.

ئەوەیشت لەبیر نەچێت بەو پەیوەندیو پیاسەکردنو گەڕانەم لەگەڵ نەشمیل زۆر لەبرادەرانی پۆلەکەمان بەخیلیان پێ دەبردمو کەمتر وەك جاران لەگەڵم دەوەستانو خۆیان تێ دەگەیاندم..

تەنانەت لەبەشی ناوخۆیی وبەتایبەتی لەژوورەکەمان زۆر جار دڵشاد سەری لەبەر سەری دەنام‌و دەیوت:

**– ئەگەر بەگوێ‌ی من دەکەی واز لەو کچە دێنی. تۆ و ئەوەیان نەوتووە پیلێکی گەورەو یەکێکی بچوك..**

ئەم قسانەی دڵشاد ئازارێکی دەروونییان دەدام، بەردەوام لەگەڵ دەروونی خۆمدا لەشەڕ و بێنەو بەردەدا بووم، زۆر جار وای لی دەکردم ڕقم لەخۆم بێتەوە، زۆرجار وای لیّ دەکردم دەمووت هەرئێستا یەکسەر دەچم نەشمیل لەبەشی ناوخۆیی دەردەکەمە دەرەوەو پێی دەڵێم:

**– تکات لیّ دەکەم. . وازم لیّ بێنە،مێشکم تەقی، خەریکە شێت دەبم، کەس تۆ بەمن ڕەوا نابینیێ..**

دڵشاد بەردەوام دەبووەوەو لەسەری دەڕۆیی:

**– کاکە گیان ئەو لەچینێکی بەرزو بۆرژوا، تۆ لەچینێکی چەوساوەو ڕەش‌و ڕووت..**

ئەم قسانە مێشکیان پڕ کرد بووم، بەلاّم لەگەڵ ئەوەیش هەموویم بەدوو فلسی سووتاونەدەکڕی نەمدەتوانی (نەشمیل)م خۆش نەوێت، بەتایبەتی ئەو وابۆ من دڵسۆز بوو وارێزی دەگرتم، و وای لیّ دەکردم هەست بەشانازی بکەم کاتێ لەگەڵ ئەو ڕێم دەکرد. شەوێکیان زۆر لەدڵشاد تووڕە بووم، دوو میوانمان هاتبوون، عەینی قەوانەکەی لێدایەوە، بەهەموو هێزێکمەوە هاوارم کرد:

**– بەسە ئەم قسە قۆرانە مەکە.. تۆ خۆت ئینسانێکی فاشیلی حەسوودی..** ئەمەم وت‌و ئەو شەوە چووم لەژووری سیّ چوار

برادەری دی نووستم. دەپازدە رۆژ لەگەڵ دڵشاد قسەماننەبوو، دوایی خۆم پاشگەز بوومەوەو ئاشتم کردەوە، بەڵام دیاربوو دڵی ڕەنجابوو و ئیتر باسی ئەو کچەی نەکرد، نەك هەر ئەویش هەتا برادەرانی دیش شتێکی زۆر گچکەیش بووایە بە پەلارەوە دەیانوت:

**- کاکە تۆ قەپاتی..**

دیار بووهەر من نەبووم (نەشمیل)یش تارادەیەك بێزار بوو بە دەست کچکەکانی برادەرییەوە، بەڵام ئەو وەك من نەبوو وتەنانەت جارجار بەزەوقەوە باسی بەشی ناوخۆیی کچانی بۆ دەکردم، یەك رەوشتێکی سەیریشی هەبوو، ئەگەرچی هەموو دنیای لەچاوی منەوە دەبینیو یان وەك خۆی واتەنی: (ئەستێرەی دەروشاوەی هیوای منی) بەڵام قەت ناوی کچێکی نەدەهێنا، هەر دەیووت: (**کچێکی لەگەڵە وایە.. یان کچی واهەیە**)، کەئەمەی دووبارە دەکردەوە. . دەیووت:

(-کچی واهەیە بەیانیان سەعات پێنج لەخەو هەڵدەستێ، ئابەم بەیانییە خۆی دەشوا و دوو سەعات لەبەر ئاوێنە دادەنیشێ، تاقژی رێك دەخاو سووراو سپیاوەکەی دەکاتو ئینجا ئەمەیش وەنەبێ بەجارێك ودووان لەوانەیە چوار پێنج جار قژی تێك دەداتەوەو تابەجۆرێکی دی رێکی بخاتەوە، یان پێڵاو ، خۆ هەر هیچ نییە لەوەیە یەك دوو جووت بگۆڕێ، بزانێ کامەیان لەگەڵ ڕەنگی کراسەکەی یان گوارەکەی تەنوورەکەی دەگونجێ، ئەمرۆ پێڵاوی فلات یان پاژنە بەرز بکاتە پێی، ئەمانەیش قەیدی ناکا، شەو کۆدەبنەوە، دەنگوباسی رۆژانەی کۆلیجەکە دێننە گۆڕێ ئەمرۆ

فلآن‌و فلآن بەیەکەوە لەفلآنـە شـوێن پیاسـەیان دەکرد، کچـی وایـش شەرم ناکا بۆ برادەرەکـەی ئـارەزووو سەرسـووڕمانی خـۆی بەرامبـەر فلآنە کوڕ دەربڕێ.

هــی وایشــمان هــەن زۆر وشــکن، شــەوو ڕۆژ خــەریکی خوێنــدن وخوێندنەوەن، خوێندنەوەکەیش هەر دەرزەکانی خۆیان‌و جاروباریش ڕۆژنامــەی (الراصــد) یــان بابــەتی دەروونــی دەخوێننــەوە دەزانــی دووانیان دانیشتبوون باسی چیِیان دەکرد ! ؟ باسی ئەوەیان دەکرد" دوایــی یــەکێك هــەر دەبــێ بمانهێنــێ، کــەس ماوەتــەوە تــا ئێمــە بمێنینەوە، جا بۆ ئێستا بێ ئارەزووی خۆمان بکەین.

کات ڕۆژەکانی دواییني ساڵی دووەممـان بـوو، تاقیکردنـەوەکانمان تـەواو بـوون بەغەمبارییـەوە دەسـت بـەرداری یـەکتر بـووین‌و وامـان دەزانی ئەوسێ مانگەی پشووی هاوین، سێ سەد ساڵەو نـەفرەتمان لەوکەسـەیش دەکرد، کەئـەو سـێ مانگـەی پشـووی هـاوینی دانـاوە. گەڕامەوە بۆ هەولێر..

-٨-

دوو رۆژ دوای گەڕانــەوەم لەبەغــدا، بــاوکم خــوای لــێ خــۆش بێـت،مرد. ئـەو مردنـەی بـاوکم هەرچـەندێك باسـی بکـەم هـەر کەمـە، کەچەندە کاری تـێ کـردمو ئـەو وەختـە چۆن بـەو مردنـەی بـەجارێ رووخامو هەرچی پلانو نەخشـەی بۆ دوا رۆژی خۆمم دانـابوو لەبـەر چاوم هەمووی هەڵوەشایەوە.

نازانم باسی چی بکەم، مردنەکەیشـی ئاسـایی نـەبوو، ئـەو ڕۆژەی مرد هەر کـەس نـەبوو لەگـەڵمان بیشـارێتەوەو یارمەتیـەکمان بـدات، ئەوە کابرایەکی دەوڵەمەند بووایە، بەڕێو رەسمی تایبەتی ویەك دنیـا قەمــەرەوە بــەرێیان دەکــرد. . تامــاوەی مانگێــك هەمووشــتێکم لەبیرچووەوە، لەقووژبنێکی ئەو هۆدەیـەی **(بەدەسـت ئیشـارەتی بۆ ئـەو ژوورە کـرد کـەلێێ دانیشـتبووین)** دادەنیشـتم و نەدەهاتمــە دەرەوە. . زۆر کــەم ،وەك یــەکێك وڕ بــبێ وام لێهــاتبوو، مامــەو ئامۆزاکانم و کەسەکانم هـەر ئـەو سـێ ڕۆژەی تـا تازیەکـە تـەواو بـوو دیتمن، هەرجارێکی دی نەهاتنەوە بڵێن بابەئێوە چیتان لێهات،مردن، ماون؟! بەس ئامۆزایـەکم نـەبێت حـاڵی باشـەو دەسـتی دەڕوا، هـەتا

ئێستایش سەرمان لێ نابڕێو بەبەردەوامی یارمەتیمان دەدات.
ئەوکاتەش کەباوکم مرد پێی وتم:

**(– هیچ خەمت نەبێ. . من دایکت دەبەمە لای خۆمو تۆیش وەك پیاو خوێندنی خۆت بخوێنەو نایەڵم پارەیشت لێ ببڕێت).**

هەرواش بوو، بەڵێنەکەی خۆی بەجێ هێنا، لەوکاتەوە لەپارەو برنجو شەکرو هەموو پێویستی‌یەکی ماڵەوە هیچ بەشی نەکردووین.
ئەو هاوینەی کەباوکم مرد، داوام لێکرد بەهەر جۆرێك بێ کارێکم بۆ بدۆزێتەوە، خۆی کارگەی بەفری هەبوو لەسەرەتادا زۆر هەوڵی‌دا کەپێویست ناکا کار بکەم و بۆ خۆم ئیسراحەت بکەم، بەڵام دوایی کەزانی من هەر سوورم لە سەر کارکردن لەکارگەکەی خۆی ئیشێکی سووکیان بۆ دۆزیمەوە. ئەو هاوینە نێزیکەی دوو مانگ ئیشم کردو پارەیەکی باشم پێکەوەنا، بۆ ئەوەی کاتی خوێندنی ساڵی داهاتووم پارەم لێ نەبڕێ. . نەوەکو هەر ئەوە تەنانەت خۆم لێ خۆش کرد بوو نەگەڕێمەوە زانکۆ و لەگەڵ ئیشەکەم ڕاهاتبووم.

نەشمیل لەو ماوەیەدا دووجار تەلەفۆنی بۆ کردم، جارێکیان شەو بوو، باش بوو لەماڵەوەبووم، هەر ئەوجارە داوام لێکرد تەلەفۆنم بۆنەکاو با نامەم بۆ بنێرێ.. دوای نۆ ڕۆژ نامەیەکم پێ گەیشت بەو ناونیشانەی کەخۆم دابوومێ.

لەوکاتەدا وەك یەکێ پشتی ژان بکا، تۆزێ پشتی خوارکردەوە وقیت بۆوەو باولەکەی دەلاقەی بەرامبەرمانی هێنایە خوارەوەو وتی:

**(– نامەکەیشی ماوە، لای خۆم هەڵمگرتووە، ڕاوەستە با بۆت بێنم..)**

بەناو شڕو شاری ناوباولەکەی‌دا گەڕاو هەڵگێرو وەرگێڕی کردنو نامەیەکی سپی تۆز لێ نیشتووی دایە دەستم. منیش کردمەوەو نامەکە بەبێ زیادو کەم وەك خۆی دەنوسمەوە:

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

ئەم کاتەت باش  بینایی چاوم (دلێر)گیان

هیوادارم بەختەوەرو شادومان بیتو سەرکەوتووتر بیت لەژیاندا. .
وەك چۆن بەعەشقی خۆت ڕۆح وبیرو چاوی منت بەهرەمەند کردووە. لەو ڕۆژەوە بەعەشقی تۆ گرفتارم، زمان خامۆشە،دڵی دێوانەم بەبەردەوامی دەناڵێ و بەئازارە.هەر لەوساتەوە  کەتۆم بینیوە نەمامی خۆشەویستیت لەگوڵزاری دڵم چرۆی دەرکردووە لەو کاتەوەی خۆشم ویستی چاوەکانت بوونەتە پەرستگای من، تۆ بوویتە فریشتەو شەوانە لەخەوما  بەکراسێکی سپییەوە ئەتبینم، دەستی ڕێزو نەوازش بە ناو قژی خاوما دێنێت تاخەوم یەت.

ئەو ساڵانەی لەتەمەنی لاویم تێپەریون، هەست ناکەم ژیاوم، بچووکترین یادگاری نامتاسێنێ، نامبزوێنێ، بۆیە سەرەتای لە دایك بوونم بەو ڕۆژە دائەنێم  کەتۆی فریشتەم تیا ناسی.

ڕۆژەکانی تەمەن چەند بەخێرایی تێ ئەپەڕن، ئەڵێی پەڕەی گوڵن هەر بەزوویی هەڵئەوەرێن. زۆر شت تیایا بەرەو کز بوونو فەوتان ئەچێت تەنها عەشقت نەبێ ڕۆژ بەڕۆژ گەورەتر ئەبێ.

خۆشەویستم:

هەروەکو خۆت پێت ڕاگەیاندم، ئێستا خەریکی کارکردنیت، مایەی خۆشبەختیو سەرفرازیمەو نیازمان وایە لەگەڵ باوکما سەرێکی هەولێر بدەین، ئەگەر هاتین یەم بۆ لات.

دڵسۆزت نەشمیل

١٩٧٢/٨/٢

نامەکەم خوێندنەوەو دامەوە دەستی ، دلێر نەختێ بێ دەنگ بـوو ئینجا لەسەر قسەکانی بەردەوام بووەوە:

بێگومان بـەناردنی ئەونامەیـەی شـادمان بـووم، بـەڵام لەگـەڵ ئـەو شـەوە حـەزم نـەدەکرد بـێ، بـۆ هـەولێرو بەتایبـەتی بـۆ مـاڵی ئێمـە، بەڕاستی ئەوخانووە هی مێوانداری نی‌یە، هەر خۆیشی بووایـە چـاکتر بـووو قەیـدی نـەبوو، بـەڵام  بـۆ بـاوکی حـەزم نـەدەکرد. . بـاش بـوو تاسەرەتای ساڵی تـازە، کـە سـاڵی سـێ یـەممان بـوو، گەڕامـەوە بـۆ بەغدا هەر نەهاتن. .

-٩-

یەکـەم ڕۆژ کەگەڕامـەوە بـۆ بەغـدا،وەك یـەکێك شـتێکی لـێ ون بـووبێ چـووم سـەرێکی زانکـۆم دا، بـۆ ئـەوەی بـزانم (نـەشمیل) گەڕاوەتەوەیان نا؟ بەداخەوە ئەو ڕۆژە نەگەڕابۆوە، ئەو رۆژە سەری دنیام لێ وێك هاتبۆوە، خەیاڵێ سەیر سـەیر دەپرژانـە سـەرمەوە، بـۆ نموونە لەدەروونی خۆمدا دەمووت: تۆ بڵێی لەگەڵ باوکی هـاتبن بـۆ هەولێرو لەرێگا ترۆمبێلیان لێ وەرگەڕابێ‌و شتێکیان لـێ هـابتێ و زۆر شـتی دی کەئێسـتا لـە خـەیاڵم دا نـەماوون، ئـاخر ناهەقیشـم نییـە جارێکیـان ترۆمبێلمـان لـێ وەرگـەڕا هـەر خـوا بـەخۆی بزانـی چـیمان بەسەر هات، تووشی بەلایەکی ئەوتۆ هـاتین برادەرێکـی خۆشەویسـتم دەسبەجێ گیانی دەرچوو ومن‌و دووان سێ یـانی دی بریـنـدار بـووین، هەرچەندە مـن زۆر بـاوەڕم بەخـەون نییـە، بـەلام شـەوی پێشـوویش خەونێکی سەیرم پێوە دی:

**لەخەونمدا لەگەڵ نەشمیل پێکەوە لەباخ‌و باخاتێکی زۆر گەورەدا**

**دەڕۆیشتین،تووشـــی کابرایـــەکی ســـەرو ریـــش ســـپی بـــووین، زەردەخەنەیـەکی کـردو وتـی: نانـا. . هـیچ مەترسـن. . دەسـتی لـە باخەڵی ڕاکرد، سێوێکی دەرهێناو وتـی: هەریەکـەی لـەتێکی بخـۆن ئەمەی وتو کابرای نوورانی لەبەرچاومان بووە باڵندەیەك ولە شەقەی باڵیدا فڕی. ئەوڕۆیشت، تووشی دێوێك بووین، زۆر ترساین لـەوەی بمانخوا، بەڵام لەو خەوە (نـەشمیل)ی فڕانـدو زۆر بەدوایـدا ڕامکـرد، بێهوودە بوو، لەماندوو بوونو شەکەتیی خۆم بەئاگاهاتم.**

رووم تێ کردو گوتم:

**– تۆ خۆیشت دەرچووی بەشی دەروونناسیت، فرۆید دەربارەی خـــەون دەڵێـــت: خـــەون رەنگدانـــەوەی خواســـتو ئـــارەزووە خەفەکراوەکانە کەلەواقیع دا مرۆڤ بۆی نایەتە دی.**

دەزانم ، بـەڵام جـابۆ مـن (فرۆیـد و پـاڤلۆڤو یـۆنگ)م بـیر مـاوە. بەهـەرحاڵ" سـاڵی سـێیەم ،سـاڵێکی شـووم بـوو، بـارودۆخ تـەواو نەبوو.............. (*) ئەم گرتنـەمان بەپێچـەوانەی بۆچـوونی مـن لـە کـن نـەشمیل خۆشەویسـتری کـردمو لـەجاران زیـاتر پێکـەوە دەسووڕاینەوە، هەموو رۆژی تا درەنگ لەزانکۆ دەماینەوە، زۆر جـار من دەمووت:

**– هەڵسە بابڕۆین.**

کەچی ئەوکەهەردوو بست لێمەوە دوور بوو،چاوەکانی دەبریە نێو چاومو چاوەکانی نزاو تکای لێ دەباریو دەیووت:

**– دەجارێ. .**

لەوکاتانـەدا قەسدی ئـەوەم دەکـرد، تونـد لەباوەشـی بگـرم وئـەو چاوە پڕ لەنهێنیانەی ماچ بکەم، دەروونم دەبووە یەك پارچە ئاگر.

ئەمــەی وتو بــێ دەنــگ بــوو، ســەیرم کــرد چــاوەکانی پــڕ لــە ئاوبوون،وا خەریکە بەناولەپی دەستی چاوی دەسڕی، من هیچ قسـەم نەکرد، هەر خـۆی جگەرەیـەکی تـری داگیرساند ونـەختێ بـێ دەنـگ بوو،ئینجا ئەو بێ دەنگیەی شکاندو بەردەوام بووەوە:

**(– بەبۆنەی ڕۆژی ئافرەتانی جیهان کراسێکی بەدیاری بۆ هێنام،**

خەریك بوو لەسەر ئەو کراسە بەینمان تێك بچێت، من پێم وت:

**– وەری ناگرم ، خۆمن سواڵکەرنیم..**

بەڵام ئەوخەریك بوو بگری و ووتی:

**– تۆ بۆچی والێکی دەدیتەوە، من مەبەسـتم ئەوەنیـیـە، تـەنها دیاری خۆشەیستیمەو هیچی تر.**

هەرئەو ڕۆژە ئێوارەکەی چووین بۆ (کۆڕنیش) لەسەر کورسـیەیەك دانیشتین، دوای ماوەیـەك ئـەو لەسـەر کورسـیەکە هاتـە خـوارەوەو لەبەرامبەرم دانیشتو قاچی درێژ کرد، جار جار پنچکە گیـای دەورو پشتی هەڵدەکێشاوقسەی دەکرد دوای ساتێك سەری هەڵبڕی و وتـی:

**– حەز دەکەم بێمە باوەشتەوە..**

من چاوم لێ بوو لەبەرامبەرمان کـوڕێکی گـەنج دانیشـتووە لەبـەر ئەو شـەرمم کـرد، هـەر بەبزەیـەك وەڵامـیم دایـەوەو هـیچ جوولەیـەکم نـەکرد ئامـادەیی خـۆم پێشـان بـدەم، زۆر دانیشـتین دوای ئـەوەی کوڕەکە ڕۆیشت، ئینجا من خۆم هەڵسامەوەو وتم:

**– ئێستا وەرە باوەشم..**

لەکورسـیەکە دابـەزیم، لـە تەنیشـتی دانیشـتم، دەسـتم لەسـەر شانی داناو لەباوەشم کـرد، ئـەو مەمکـە خـڕە نەرمانـەی بەسـنگمەوە نووساند بوو، تێـر قـژیم بـۆن کـرد، بـن گـەردنیم ماچـکرد، لەوکاتـەدا

سەری لەسەر سنگم هەڵگرت وتی:

**– تۆ مادام وامنت خۆش دەوێ، بۆ نانێری بۆ خوازبێنیم؟!**

**– نەشمیل دیارە گومانت لەخۆشەویستی من هەیە؟!**

**– ناتۆ والێکی مەدەرەوە. . بەڵام بۆنا؟ لەسەرچی وەستاوی؟!**

**– جارێ باتەواو بین، ئێستا لەوانەیە هەر باوکیشت ڕازی نەبێو بڵێ قوتابیە.**

بێ دەنگ بوو. . سەیرم کرد هەنسك دەداو خەریکە دەگری،پێم وت:

**– نەشمیل.. نەشمیل ئەوە چیە؟!**

بەهەنسکی گریانەوە وتی:

**– زۆر .. لەباوکم .. دەترسم ، ئەگەرچی زۆر نازم ئەکێشێ بەڵام بۆ ئەمەیان. . . . . باوەڕکەم، جاری پێشوو لەگەڵ دایکم باسی ئەومەسەلەیەم بۆ کردو باسی تۆم بۆ کرد. .**

من خێرا قسەکەیم پێ بڕی و وتم:

**– جا بۆ هێشت دایکت پێ بزانێ؟!**

**– یەکەمجار من لەگەڵ دایکما وەك دووهاوڕێ واینو هیچی لێ ناشارمەوە، دووەمجار پێش من خەبەریان دابووێو خێرەومەندێ ئەوچاکەیەی کردبوو. .**

**– ئێ؟!**

تۆزێ بێ دەنگ بوو، چاوەکانی بەترسەوە بڵند کرد، جا وتی:

**– هەتا دایکی هاوڕێشم بەدڵی نەبوو و دەیووت : دڵم نایێ، چۆن سەبووریم دێت تۆ لێم دووركەویتەوە، دوایش کچم بۆکوڕ لەسلێمانی نەماوە.**

بەم قسەیەی دڵم داخورپا، سست بووم، بێ دەنگ بووم، ماوەیەك ئـەو بـێ دەنگی‌یـە هـەردوكمانی خسـتە بیركردنەوەیـەكی هێمنـی چارەنووسسـاز.. دوایـی ئـەو بـەم قسـەیەی وەك بڵێـی هەسـتی بەگوناهێكی گەروە كردبێ،دەستی خستەبەر دەستمو ئینجا سەری بەسنگم كرد، هەستم بەو هەناسە گەرمەی دەكرد كەلە دەمو لووتی یەوە دەردەچووو بەردەستم دەكەوت. ئەو ئێوارەیش بووە لاپەڕەی یادگارێكی‌تری خۆشەویستی یەكەمان.

مـن سـەیرێكی سـەعاتەكەم كـرد، ئـەویش لەمەبەسـتم گەیشـت، كەدەمەوێ لەكورتی بیبڕێتەوە، بۆیە یەكسەر وتی:

(نازانم، وەكو ئەو شتانەی بۆم باس كـردی، پـۆلی چوارەمیشـمان هەر بەئاسایی بوو، ئەوە نەبێ لەساڵی چوارەم بۆماوەی دە پازدە رۆژ لەیـەكتر عـادز بـووین، ئـەویش مـن خـۆم بـەخۆم نـەگرت و وەك منـداڵان دەڵـێ، حەوجـەی بوومـەوە.. هەرلـەپۆلی سێیەمەوە كچێكی ئامێدی برادەرم هەبوو، حەز لەكوڕێكی ئـەردەنی دەكرد،ئـەم كـوڕە لەزانكۆ ناوبانگی بەخراپ ڕۆیشتبوو، چـەندەها كچـی بـەڕێ كردبـوو، ئەڵبەتـە مـن وەك هـەموبرادەرانی دی پـێم نـاخۆش بـوو، بـەڵام مـن واڕاهـاتووم حـەز ناكـەم خـۆم لـەكاروباری خـەڵك هـەڵقورتێنم، ئەمجارەیان دڵشاد وچەند برادەرێكی دی وتیان،تۆ برادەراتیت لەگـەڵ (لەزگین) خۆشە، بڕۆ بۆ لای و پێێ بڵـێ بۆ ئێمە ناشـیرینە پەیوەنـدی لەگەڵ ئەوكوڕە پەیدا كردووە، لەبـەر دڵـی ئـەوانو دڵـی خۆیشـمەوە چووم پێم وت:

**– لەزگین دوای ساڵێكی تر ئەو كوڕە دەگەڕێتـەوە ئـەردەن، خـۆ لەقوونی تەیارەكە سوارت ناكاتو لەگەڵ خۆیا بتبات.**

بەشـێوەیەکی نیمچـە گاڵتەجاریێـەوە پێمـوت چـونکە پێشـتریش گاڵتەو سوحبەتمان هەبوو، بەڵام ئـەو بەشـێوەیەکی ناشـیرین وەڵامـی دایەوە و وتی:

**– تەشولە پێیە ! خوزی تەئەڤ ئاخفتنـە نـەکربا، ئـەز دزانم ئەڤـە نەئاخفتنێت تەنە.**

هـــەروەها ئـــەو گەشـــتەم بـــیر ناچـــێتەوە، کەلەگـــەڵ بـــرا فەلەسـتینییەکاندا چـوویين بۆمووسـڵ زۆر بەسەربەسـتییەوە هـەموو سـرودێکمان وت.. وێنـەی زۆرمـان گـرت، لـەو سـەیرانە بـە زۆرەملـێ حەیرانێکیان پێ وتم).

سەیرێکم کردو ووتم:–

**– دەبێ ئێستا هەندێکم لەو حەیرانە بۆ بڵێی**

**(– کەی ئێستا کاتی ئەوەیە؟!)**

**– ئی تۆ ناڵێی ئەم سەر گوزەشتەیەم بۆ بنووسەرەوە؟!**

**(– دەمن خۆیشم دڵم پڕە ، قیری سیا. .)**

نەرمە کۆکەیەکی بۆکردو قورگی نەختێ پاك کردەوەو لەسەر خـۆ وتی:

**ئەوجا کوڕ دەیگۆ. . .**

**لەزووری، لەزووری ( سەربەنێ**

**تادارنیمە،تاتاوم لێ دەسنێ**

**هەر کە زەینێ خۆم دەداوە**

**کەوەك ئەوا دەخینی، بەدەم (موسرێ**

**پشت لەکاولە هەولێرێ**

**ئەوسار بەوێ بواری،ئەمن دوعایەکی دەکەم**

یا(سولتان عەولای عارەبێ)
ماری بابێ نازدارحەیرانێ لەوێ بارکە
بێتەوە جیرانی مە بێخی
ئەوجا کیژ دەیگۆ. . .
لەزووری، لەزووری ( سەربەنێ)
تادار نیمە، تاتاوم لێ دەسەنێ
هەرکە زەینی خۆم دەداوە
کە وەك ئەوا دەخینی، بەدەم (موسرێ)
پشت لە کاولە هەولێرێ
ئەوسار بەوێ بوارێ، ئەمن دوعایەکی دەکەم
یا ( سولتان عەولای عارەبێ)
مارێ بابێ نازدارحەیرانێ لەوێ بارکە
بێتەوی جیرانی مەبێخی
ئەوجا کیژ دەیگۆ. .
خوا بیکردایە ئەوسار بەوێ بوارێ
ئەمن ببومایە گۆپارەکی داری دارکنێر
لەدەستی کوڕەتیمە حەیرانێ خۆم
هەموودانی سبەینان ودانی ئێواران
پێی بلەوەڕاندبایەوە کارو بەرخێ خۆی
(ناوەڵڵا) خوا بیکردایە ئەمن بەقوربانی
گورینکە تەزبێحەکەی کوڕە حەیرانێخۆم بم
وەکی هەموو دەمێ دەیگێرێتەوە لەدەستێ خۆی
– دەم خۆش. . وەڵڵا دەنگت زۆر خۆشە.

– سوپاس.

– تــا لــەبیرم نەچــۆتەوە، حــەز دەکــەم بــزانم ئــەنجامی پەیوەندیی‌یەکەی لەزگین خان چی بوو؟!

پێکەنیو هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی:

**(– ئەنجامەکەی چی دەبێ؟ کوڕە ڕۆیشتەوە بۆ ئەردەنو لەزگین خانیش ئێستا لەمووسڵ مامۆستایە وەکو بیستوومە. . جارێکیان لەژووری موحازەرە بەتەنێ پیاسەم دەکرد، ژوورەوە چۆڵ بوو، لەجێگای لەزگین دەفتەرێك دانرابوو وێنەی کچێکی سوورو سپی بیانی لەسەر بەرگەکەی‌دابوو، منیش بەنیمچە ترسێکەوە دەفتەرەکەم هەڵگرت و لەوێنەکە ڕامامو سەیرێکی ناو دەفتەرەکەیشم کرد نامەیەکی تیا بوو هەروا بەخێرایی چاوێکم پێداخشاند، بەعەرەبی بۆ کوڕەکەی نووسی بوو و بەشتی دڵداری‌یەوە ڕازاندبوویەوە لەجێگەکەی خۆی دامنایەوەو خێرا هاتمە دەرەوە.. کەتەواویش بووین لەسووچێکەوە وەستاین هەر لەزانکۆ و هەردووکمان فرمێسك بەچاوماندا هاتە خوارێ، نێوچەوانیم ماچ کردو تاگەراجیش پێکەوە بووینو لەودیو جامی پاسەکەوە جارجار چاوی خۆی دەسڕیو کە پاسەکە بەرێکەوت بەناتوانایی‌یەوە دەستی هەڵبڕیو منیش بەرەو هەولێر گەڕامەوە.**

## -١٠-

زۆربەهێمنی دەدوا، لەو کاتەدا چاوی لەبەر گڵۆپەکە بریسکەیەکی لێ هەڵسا، نازانم ئەوبریسکەیە چیە، ڕەنگە وەك خەنجەرێکی تیژ جەرگی دەبڕیو دانی بەخۆیشیدا دەگرتو لەززەتیشی لەئازارەکەی وەردەگرت، نازانم ئەمە خەیاڵەو هیچی تر، رەنگە زۆر شتی لەوە گەورەتر بێ. . بەردەوام بووەوە:

–چوار مانگ تێ پەڕی رۆژێکیان تەلەفۆنی بۆ کردم و پێی وتم، کەلەماڵەوە، بەتایبەتی باوکی زۆر ڕووی خۆی ناداتێو بەچاوێکی سووکیشەوە تێی دەڕوانێ، دایکیشی بە بەردەوامی وەك شەیتان لەبن گوێی دەخوێنێو پێی دەڵێ خۆشی بێو ترشی بێ دەبێ شوو بەکوڕی پووری بکات، باوکت هەرێی پێداون، بەزۆرەملێنا،بەلام ئەگەر شووبەو نەکات ئیتر شووکردن نیەو دەبێ سەری سپی بهۆنێتەوە،باسی دەکرد کەچۆن زاڵمانە دەگەڵی دا دەجوولێنەوە،جارانی لەکوێ و ئێستاش لەکوێ،نەك ماڵەوەیان هەتا

خـــزمو کەسەکانیشـــیان کـــە دێنـــە ســـەردانیان لۆمـــەی دەکـــەن‌و سەرکۆنەیان کردووە. )

من یەکسەر قسەکەیم پێبڕی ووتم:

**(– ئێ باشە بۆنەت دەناردە خوازبێنی ، بزانی دەڵێن چی؟)**

نەختێك بێ دەنگ بوو، ئینجا وتی:

**(– سێ کەڕەت، هەر دوای پێنج شـەش مـانگ جارێك دەمنـاردە خوازبێنی، تەنانەت ئەو ئامۆزایەم وابێزار کردبـوو، ئەوەنـدی ڕێگـای سلێمانی پێ بکوتمەوە، خەریك بوو خۆم بکـوژم و لەخۆشەویسـتی‌و دنیاش چاوپۆشی بکەم، چەند جارێکیان بیرم لەخۆکوشتن کردەوە، جارێکیـــان (١٠) حـــەبم پێکـــەوە خـــواردو بەپەلـــە گەیاندمیانـــە خەستەخانەو چاك بوومەوەو نەمردم.)**

لێم پرسی:

**(– باشە بۆ ڕازی نەبوون؟)**

**(– چووزانم، هەر شتێکیان دەدۆزیەوە دواجـار بـاوکی وتبـووی قبووڵ ناکەم جارێکی دی بێنەوە، تێ ناگەن چی‌یە؟! ناڵێین: نەء نەء، وەڵڵاهی بیدەم بەسەگ نایدەم بەو..**

وەکو دەڵێن" ئەو کۆشکەی لەخەیاڵی خۆمدا بنیـاتم نـابوو، هـەموو بەسەر یەکدا ڕووخاو ژیانم لەبەرچاو بـوو بەشـتێکی زۆر ناچـیز.. بـیرم کـردەوە، خـۆم بکـوژم، دوایـی پەشـیمان بوومـەوە، ئەمـەم بـەراکردن لەواقع زانی‌و بەچارەسەرکردنم نـەزانی، لەبەرئـەوە بڕیارمـدا دەبـێ بـۆ ئەم بیرکردنەوەیەم پـاڵی پێـوە دەنـام نـەشمیل بـوو، چـونکە بـاوەڕی زۆرم پێ هەبوو. ساڵێك هیچ هەواڵیم نەزانی، سەرقاڵی قوتابخانە وشتی تر تاڕادەیەك بیری ئاڵۆز کرد بوو، ڕۆژێکیان هەر بەرێکـەوت (دڵشـاد)م

لێرە لە هەولێر بینیەوەو پێی راگەیاندم کەنەشمیل شووی کردووەو لەسلێمانی خۆی و مێردەکەی بینیوەو قسەی لەگەڵ کردوون، کەئەو هەواڵەی پێ راگەیاندم، وەك ئەوە وابوو هەواڵی مەرگی خۆم پێ رابگەیێنێ، لەخەفەتان سێ شەو وسێ رۆژان تامی زادم نەکرد، کار لەکار ترازابوو، هەر چۆنێك بوو خۆشەویستی‌یەکەی رێگای ئەوەی پێ نەدام شتێکی وابکەم، کەژیانی لێ تێك بدەم، وەکو دەڵێن حەواڵەی خوام کرد، دوای دووساڵ بینیمەوە، بەڵام چۆن بینینەوەیەك ، نیوەڕۆ بوو، لەسەر نان خواردنێ بووم یەکێ لەمامۆستاکانی قوتابخانەکەمان لەگەڵ نەشمیل وەژووریێ کەوتن، تومەز نەشمیل چوو بووە ئەو قوتابخانەیەی دەرسم تیا دەوتەوەو پرسیاری منی کرد بوو، مامۆستایەکی برادەریشم هێنابووی بۆ ماڵەوە، نەمشیل نەشمیلی جاران، ڕەنگ زەردو لاواز و روویەکی خەم لێ نیشتوو، دوای ئەوەی مامۆستایەکە ڕۆیشت، نەشمیل رێك‌و ڕەوان بۆی باس کردم کە رایکردووەو لەو ژینە دۆزەخیەی خۆی قورتار کردووە، بەوەی کەمێردەکەی بەژەهر کوشتووەو پەنای بۆ من هێناوە).

تۆزێ بێ دەنگ بوو:

**(– پازدە رۆژێك ئاوا لەماڵی ئێمەدا مایەوە. .)**

چاوەکانم زەق بووەوەو وتم:

**(– ئەی هیچ منداڵت لەکابرا نەبوو؟!)**

(– نەخێر، وەك دەیووت ژیان نەبووە تێیدا بووە، مێردەکەی بەرێوەبەری کارگەیەك بووە، بەبەردەوامی شەوانە بەسەرخۆشی بۆ لای گەڕاوەتەوە بەهەموو شێوەیەك ئازاری دەروونی‌داوەو منداڵ نەبوونەکەیانی بەگوناهی ئەو زانیوە و زۆر شتی دی باس دەکرد، یان هەتا باسی ئەوەی دەکرد، کەچەند جارێك تائێستا سەیری ئەلبومی

وێنـەکانی کـۆلیجی کـردووەو سـەری لەقاندۆتـەوەو تەنانـەت باسـی منیشی کردبوو وپێی وتبوو: **(کوڕێکی هەولێریتان لەگەڵ بـووە، نـاوی دلێر بووە، کوڕێکی چۆنە. ! !).**

وەك پێم وتی پازدە رۆژێك لەماڵی ئێمەدا مایەوە، نـازانم چـۆن لـەچ رێگایەکەوە بەخۆیشم نـازانم، هـەر ئەوەنـدە دەزانم بەیانی‌یـەکیان زوو پۆلیس وەژوورەکەوتن و منو نەشمیل گیراین لەبـەردەم دادگـادا، وەك پێشتر لەگەڵ نەشمیل رێکەوتبووین، تاوانەکەی ئـەوم خسـتە ئەسـتۆی خـۆمو وتم: ئـەوبێ ئاگایـەو مـن چـوونە سـەرمداوەو رقـم لـەکابرا بـوو، چونکە دڵدارەکەمی لێزەوت کردم، تۆڵەی خۆم لێکـردەوەو نـەشمیلم لەگەڵ خۆم هێنایەوە بۆ هەولێر، من بوومـە پیـاوکوژو تاوانبـارو دادگـا فەرمانی دەسال بەندکردنی بۆ بڕاندمەوە..)

**وتم:**

– ئاخر ، ئەدی ئەو؟

**– لەهەوەڵی بەندکردنەوەکەمەوە، دووجاران هـات سـەری لێـدامو زۆر شەرمەزاری خۆی دەربڕیو دەیویسـت تاوانەکـەی خـۆی ئاشـکرا بکات، بەڵام من سـاردم دەکـردەوەو نەمدەهێشـتو پـێم دەوت گـەر ئەوە بکا منیش خۆم دەکوژم، دوای ئەوە نەمبینیەوەو ئێسـتا نـازانم مـاوە،مردووە؟! لـە چ سووچـێکی دنیـادا دەژی؟! لەگـەڵ ئەوەشـدا بەختەوەرم ودەزانم زۆر لەوە زیاتر دەهێنێ. .)**

**١٩٨٧/١٢/١٥**

تـــــــەواو



## لەبارەی نووســەر

* لە١٩٦٤ لەهەولێر لەدایك بووە.

*لە١٩٨٦ بەكالۆریۆسی لـەزمان‌و ئــەدەبی كــوردی لەكۆلیــژی ئەدەبیاتی زانكۆی سـەلاحەدین وەرگرتووە.

* لـە١٩٩٥ بڕوانامــەی ماجسـتێری لەئــەدەبی كــوردی لــەزانكۆی ســەلاحەددین وەرگرتووە.

* دكتۆرانامەكــەی (ڕۆژنانووســیی كــوردی ســەردەمی كۆمــاری دیمــوكراتی كوردستان)ە.

## كتێبە چاپكراوەكانی:

١- كلك بڕاوەكان، عەزیز نەسین، وەرگێڕان لـە فارسـییەوە ، بەغـدا ، ١٩٨٥,

٢- چەپكێ هۆنراوەی فۆلكلۆری دەشتی هەولێر ، ١٩٨٦,

٣- ڕۆمــانی حیزبــی كەرامــەت‌و حیزبــی ســەلامەت، عــەزیز نەســین ، وەرگێڕان لە فارسییەوە ، بەغدا ، ١٩٨٨

٤- دەرمــانی بێخــەوی ، عــەزیز نەســین، وەرگێــڕان لـە فارسـییەوە، بەغدا ، ١٩٨٨,

٥- ڕۆمانی ماڵئاوا گوڵی خەم، بەغدا، ١٩٨٨.

٦- گوناهـ، كۆمەڵە چیرۆك، بەغدا،١٩٨٨.

٧- ململانێی شارستانیەتەکان، سامۆئیل هانتنگتۆن، وەرگێڕان لە فارسی و عەرەبییەوە، هەولێر، ١٩٩٨

٨- رۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا،وەزارەتی رۆشنبیری هەولێر، ١٩٩٨,

٩- چیرۆکو ئەفسانەی کوردی، ئوستراليا، ١٩٩٨,

١٠- پەیامی کافکا، کۆمەڵە وتارێکی ئەدەبیە، وەرگێڕان لە فارسی و عەرەبییەوە ، بنکەی گەلاوێژ، سلێمانی، ٢٠٠٠,

١١- پلاتۆنەڤە شێت، چیخۆف، وەرگێڕان لە فارسییەوە، وەزارەتی رۆشنبیری ، سلێمانی، ٢٠٠١ .

١٢ -رۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان ١٩٤٢ -١٩٤٧ ،دەزگای سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٢ .

١٣ - گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد و سەرەتای رۆژنامەنووسیی پەروەردەیی ، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی-٧-، هەولێر، ٢٠٠٢ .

١٤- جیهانی سێیەم و گەڕان بە دوای رۆژنامەوانیی ئازاد دا، وەرگێڕان لە فارسییەوە، دەزگای سەردەم سلێمانی، ٢٠٠٣.

١٥- بە شەرتی چەقۆ ، عەزیز نەسین، وەرگێڕان لە فارسییەوە، کتێبخانەی سۆران، هەولێر، ٢٠٠٦.

١٦- رێبازە ئەدەبییەکان، دەزگای موکریانی ، هەولێر ، ٢٠٠٧.

١٧- ئـەدەبیاتی فۆلكلـۆری كـوردی دەق و لێكۆڵینـەوە، سـەنتەری هەتاو، هەولێر،٢٠٠٧,
١٨- دەروازەیـەك بـۆ رەخنـەی ئـەدەبی كوردی،دەزگـای موكریـانی، هەولێر،٢٠٠٨,
١٩- رۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی كوردی، بنكـەی ژیـن ، سـلێمانی، ٢٠٠٨,
٢٠- نهێنییەكانی دەوڵەتم قووتدا، عەزیز نەسـین، وەرگێـڕان، هـەولێر، ٢٠٠٨,
٢١- رۆژنامەوانی كوردی سەردەمی كۆمـاری دێمـۆكراتی كوردسـتان ، دەزگای بەدرخان و دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨
٢٢- كلتور و فەرهەنگی كوردی، دەزگای موكریانی، هەولێر، ٢٠٠٩,
٢٣-رۆژنامـەوانیی كـوردی- گۆڤـاری هیـوا ١٩٥٧- ١٩٦٣ ،دەزگـای ئاراس،هەولێر،٢٠١٠.
٢٤- رۆژنامـــەوانیی كـــوردی- گۆڤـــاری هـــەولێر ١٩٧٠- ١٩٧٢،ئـــەكادیمیای هۆشـــیاری وپێگەیانـــدنی كـــادیران (ی.ن.ك)،سلێمانی، ٢٠١٠,
٢٥- رۆژنامـەوانیی كـوردی- گۆڤـاری دەفتـەری كـوردەواری ١٩٧٠، دەزگای ئاراس،هەولێر،٢٠١٠,
٢٦-رێبازە ئەدەبییەكان، دەزگای موكریانی ، هەولێر ، ٢٠١٠.

٢٧- دەروازەیەك بۆ رەخنەی ئەدەبی نوێی كوردی،دەزگای موكریانی، هەولێر،٢٠١٠.
٢٨- رۆژنامەوانیی كوردی- گۆڤاری رۆژی نویَ ١٩٦٠- ١٩٦١، دەزگای ئاراس،هەولێر،٢٠١١.